# من غوربەتم

ئارام فەتحی



# من غوربەتم

ئارام فەتحی

ناوی کتێب: من غوربەتم

بابەت: شیعر

نووسەر: ئارام فەتحی

لاپەڕەچن: کامران بەهرامی

ڕووجلد: ڕێنێ ماگریت( Rene Magritte)

ئاخر بەرد چ پێویستیە ئێمە خۆشمان بوێت یان نا؟ ئاخر باران، کۆڵان و درەخت چ پێویستیانە ئێمە خۆشمان بوێن یا نا؟ گەر ئێمە خۆمان نیازمەندی خۆشەویستی نین؟!

نیچە دەڵێت: ببە بەوەی کە هەیت. من لە شیعردا دەبم بەوەی کە هەم. لە وشەدا دەبمە حەقیقەتی خۆم. ئەم کتێبە کە خۆی لە چوار بەش پێک هاتووە، سێ بەشی شیعری و بەشێکیش چەند دەقێکی بێتاقەت؛ دووهەمین کتێبی شیعرمە یان باشترە بڵێم بەشێکی تر لە حەقیقەتی من یان درێژەی حەقیقەتمە. لەم کتێبەدا زمان و ڕۆحێکی یەکدەست لەوانەیە بوونی نەبێت و شیعرەکان لە چەند جۆر زمانی جیاوازدا دەرکەوتبێتن؛ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من بڕوام بە زمانێکی یەکدەست بۆ کتێبێکی شیعر بەنیسبەت خۆمەوە نییە؛ چونکوو منی دەروونم بەردەوام لە گۆڕان و لە من بوونی تازە یان دیکەدایە و ئەو منە تازەیە بۆ نووسینەوەی خۆی، زمانی نووسینی خۆی هەڵبژاردووە. لەوانەیە لە بڕێک شوێندا منەکانی ئەم شیعرانە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ یەکدیدا ببێت و تەنانەت لە دیدی خوێنەردا دژبەیەکیش بن؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەو منانە ژیاوم؛ ڕەنگە ئێستا ئەوانە نەبم(ڕەنگە بیشبم). گرنگ ئەوەیە کە ئەمانە سەردەمێکن لە ((من))م.

ئەم نووسراوانە لە ناو ئێوەی خوێنەر و منی ئێستای خوێنەر ژیاون؛ چ خوێنەرێک کە چێژیان لێ ببات و چ خوێنەرێکیش کە جنێویان پێ بدات. تکام لەو کەسانەی کە لەبەر خۆیانەوە جنێو دەدەن ئەوەیە کە جنێوەکانیان بە دەنگی

بەرز بڵێن. بەرزتر لەو جۆرەی کە من ئێوەی خۆمم نووسیوەتەوە.

ئارام فەتحی

ئێمە بەسەر دەستی ڕۆژگارێکەوە ماوینەتەوە

کە خۆی لە عەللافییەکانمان دەدزێتەوە

ژیان چییە؟! جگە لەوەی دایکم ئێوارانی پەنجەرەی بکاتەوە تاکوو نەختێک لە تەنیایی بشکێنێ؛ نەختێک لە فڕینی پەڕەسێلکەکانی سەر دارەکان بێنێتە ژوورەکەی؛ یان دڵەڕاوێکی هەڵقرچانی چێشتەکەی، نەوەک بەدڵمان نەبێ و یان ئەوەی بیر لە پیاوێک بکاتەوە بێ تووڕەبوون.

جگە لە دەستەکانی باوکم، کە پڕن لە بەتاڵی و لە زبریی ڕۆژگارێک کە نەیتوانی تامی ناسکیی دایکم بکات.

ژیان چییە؟! جگە لە چاوەڕوانیی پیرەژنی کۆڵانەکەمان، کە هەموو ئێوارەیەک بەتەمای دیتنەوەی کوڕە حەڤدە ساڵانەکەیەتی، لەو ڕۆژگارەی بەدەم بای عەداڵەتەوە چوو.

یان ئەو پیاوەی نەیدەزانی کڕینی سفرەیەک بۆ ژەمی بێ نان پێویست نییە و نەیدەزانی: درەخت ناتوانێت وڵامێکی باش بێت، بۆ هاتنی وەرزەکان.

ژیان چییە؟!جگە لە تاقەتە بەسەرچووەکانی خوشکەکەم، یان ئەو هەنسکانەی زاتی نووسینیان ناکات؛ یان بەدیار حەگاڵێکەوە کە ناوێرێ لایبا، ماڵی پێ دانیشتن بکەن.

ژیان چییە؟! جگە لە قاچی بڕاوی سەربازێک، کە لە هەموو خەونێکیا پیاسەیە و ناتوانێ بە هیچ نیشتمانێکەوە بڕوات؛ یان چاوی زیندووی شەهدێک، کە تەنها مردنێکی پێ بەخشراوە.

ژیان چییە؟! جگە لەوەی منداڵێک بەدیار بەستەنییەکی نەسندراوەوە تا درەنگان دەمی خۆی بلێسێتەوە یان وەنەوزی نیوەشەوی بۆ لاڵاندنەوەی سەندنی کەوشی پێنج هەسارە و ئەوەی کە چۆن بەیانی کوڕە دراوسێکەیان ڕازی بکا دەورێکی پاسکیلەکەی پێ باتەوە.

جگە لە ناهومێدییەکانی میوەفرۆشێک لەو سێفانەی کە ئێواران بەسەر دەستیەوە دەمێنێتەوە، ژیان چییە؟!

جگە لە بێدەرەتانییەکانی نووسەرێک کە ناوێرێ نووسراوەکانی بەرێتە چاپخانە؟!

جگە لە تامەزۆرییەکانی مەلەوانێک کە لە ئاوا خنکا و عاشقی وشکێنی بوو، ژیان چییە؟!

...

گورگێکە باوک

به منا ئەلوورێنێ

به منا، حەپاندن و

وەڕاندن و

دن و دن و دن ماندووە

مان بگرە ئەی تابلۆ!

له تابلۆبوونت گەڕێ

تاوێک چاو به

تاوێکیش...

_تاوێکیش پیاو

من له پیاو بوون گەڕاوم

گەڕ بووم

لەڕ بووم

باوک بوونت کەڕ بووم

جاری واش بووە تف بووم بۆ ئاوێنە

من کوڕێک قەرزاری تۆم

تەمەنێکی، بە هەڵە گەیشتیتە من

من گانێک هەڵە هاتم

کۆڵانێک

کوڕێک

ترسێک هەڵە هاتم

ئەم کوڕانە لە منا نابنە باوک

باوکیەتیت بتەقێنە و

خوایە یەکێکمان بمرە

...

نزیکە ڕووخانم هەڵواسم و

لە سووچێکا هەناسەکانت بمرم

خۆم شەق کەم و

کوێراییم بەرگەی شەقێکی تر ناگرێ

تێم هەڵبە زەوی

تێم هەڵبە ئاسمان

تێت هەڵبەم ئەی خۆم

کە هەمیشە گاییاوی

کە لە گانێکا وجوودی

ڕازی نیم کەسێک ئێرۆتیکی بدڕێ

یان کەسێکی تر حورمەتی بێشێ

ئێشی تۆ لە پیاوا خۆشە کچێ

پیاو نزیکە بەوەی پێویست نەبێ بۆ بوون

پێویستە تابلۆیەک لەم شیعرەدا

نیشانەی مەرگی خۆی لێ بدات

من ئەمەوێ:

لە مەرگا گانێک لێ بدەم و

وجوود بخەسێنم

وجوود بترێنم

وجوود بفیسێنم

...

من چیمە لە ماسییەک

خۆی لە ئاوا خنکاند

یان شاعیرێک

کە لە کۆتاییی نوقتەیەکا دەستی بە نووسینەوەی خۆی کرد

من دەستم بە مەمکەکانی تۆوە گرت

تا ئەوبەری ئەم قەرەباڵغییە و

تا ئەوبەری پیاوبوونم

هەمیشە ماتڵی نەهاتنی خۆمم

ماتڵی ئەوەی:

کۆتا بم لەم ڕۆژگارە و

چکۆلە بم بۆ جوغرافیا

هەمیشە چاڵ بنێمە خۆم

هەتا مردنەکانتانی تێخەم

ئەم چاڵە لە کلاسیکی چەناکە ناچێ و

چەناکە مەدە زەوی!

دوو خولەک ڕاوەستە وەک بنیام قسە بکە و

وەک هەمیشەیی ئێمە، بمرە

بمرە ئەی خۆری قەحبە!

کە بێزارم لە سێبەری درێژ

من، دەستم لە مەمکەکانی کچێکا درێژە

یااس، لەو لەززەتانەی ناوێرێ بیانبا

ناوێرێ چاو لە سێبەر و

لە تەمەنی من بقونجێنێ

...

من و ئەم کچێنییانە

لە هەوای نیشتمان ئەچین

لە عەسری هەنسک و

پاییزی ترافیک

من بە پەردەتا هەڵمەواسە کچێ

بە پەردەتا شۆڕ

تا ئەگەمە بنی وەیلانیم

سەرەتای خۆم

من دیوارێک، ئەوکاتەی بەسەرتا ڕووخام

شووشەیەک، ئەو کاتەی لە تۆدا شکام

کاتێ خۆمم، کۆچەکانم ئەڕزێن و

سەرەنجام، کۆڵانێکم تا تۆ بونبەستم کەی
قاڵبیەکم و وەرە لوولم کە
وەرە ئەم قۆخ و مۆز و گێلاس و هەنجیرانە بۆ تۆ و
واز لە سێفەکانی عەدەم بێنین
شکۆیەک بە ڕەنگەکانەوە گوڵ بمرین
بەرلەوەی بە چراسووری شەقامێکەوە
بۆنی ترافیک بدەین و
کەس بەتەمای ڕەنگێکی تر ماتڵ نەمرێ
بڕوانە ئێوارەکان بێن و
بۆ ئەوە هاتبێتن ڕۆیشتنیان من بم
من برسی بم
ترسم ئەوەبێ پیاسەیەک نەتخوا و
پووسترێک بم لە نەهاتنی تۆ
سگارێک بم لەو کاتەی باوکم حەسرەتە و
دایکم، خۆزگەیەکە بەر لە پەردە
یان عەکسێکم کون، نیشتمانم لێ بچۆڕێ

ئێمە ناتوانین پیکاسۆ بە تابلۆوە ببینین!

تۆ چ تابلۆی وەختێ کچی

دایکم ئەڵێ فرە مەسخەرەم وەختێ پیاوم

دایکم، ئەو کاتەی ژیانە

بێ هۆ نامرێ

پەردەیە ئەدڕێ

کاتێ پەنجەرە بخوازێ درۆ بکا

...

من ئەتوانم کۆڵان بم و بونبەستم کەن

پەنجەرە بم و پێوەم دەن

عادەتمە هەمیشە گوڵ بم بژاکێم

یان دیوار بم بڕووخێم

هەڵەیە بوون بە گانێکەوە دەست پێ بکات

هەڵەیە لەم مەسیرە تابلۆیەک بم:

نەترسم لەوەی مەرگتان پێ تەعارف بکەم

...

ئەڵێم ئەم هاواره بترشێم و

تۆ بام تێکەی وەک تیزانگ

سارد بی، وەک ئەو کاتەی:

دایکم بیەوێ بە ڕەنگێکەوه له باوکما تابلۆ بێت

تکایه بە ڕەنگێکی تریش تاقیم کەوه!

لامەسسەب،

گان بووم

بان بووم

کۆڵان بووم

ئێواره بووم

نەبوونت پیاسه بووم

ئێستاش لە نەهاتنتەوە ئەڕوانمە دنیا

هاتنت، تازە چ دەردێ لە ترافیکی نەبوونم چارە ئەکا؟!

من بڕیارە ببمە TV و

ئەم خەڵکە عادەتیانە تماشا بن

وەک عادەتی تۆ!

کە لە منا نەقڤاش بووی

هاتنت، تازە چ دەردێ لە هەرەسی ئەم جاددانە دەوا ئەکا؟!

تێرم کە لە نەبوونت

لامەسسەب تۆ برسی نەبووی

بۆیە هەڵم دێنیتەوە

تفم کەوە

بمکە بە گوو

تا بە فازڵاوێکا ئاسوودە بڕۆم

لە ئاو بچم و

لاقت بەرزۆ کە تەڕ نەبی

گەڕ نەبی

چ بێهوودەیە بۆ کەسێک کۆڵان بیت

که بیانووی جاده بگرێ

یان شووشه بیت

کاتێ حەزی له شکانە

من ئیتر بەفر ئەبم لامەسسەب

بەفر ئەبم و ئەتوێمەوە

یان زەنگی دەرگایەک

کە خاوەنەکەی لە ماڵ نەبێت

...

میزم دێت بە تۆ و

بەم ژنانەی لەم شەقامەدا ڕاکشاون

مەکەرە کارێ ئەم شەهوەتە لە قاپ بگرم

...

جەمی کە بەزموبەساتی ئەم تاکسییە

ترافیک و هەرچی سەفەرتە لە شوێنێکی ترا هەڵڕێژە

لە ترافیکی خۆتا قەپاتی و

من لێرە خاڵی ترم لە هەرچی بەیازە

تۆ بەنازەوە لە منا ئەمری

یا ئەکرێ من مردن بم

تا ئەم گۆڕە بەتاڵ نەبێت.

تەمەنێ تف کەم

بۆ کوڕێ کە منی لێ کەوتمە خوار و

من لێرە بترووکێنە

بەدەم سینەمایەکەوە کە منی فیلمە

نەختێکیش لە خۆت بلاژێنە

لە خۆت و، لە ناوپات بترسە

بترسە لەوەی سبەی ئەم پارکینگە بکەنە خیابان و

ئێرە گۆڕستانە بۆ کەسێ بیەوێ نەمرێ

ئەی کوڕانی فێری سووراو و

ئەی ئەوانەی ئێواران خۆتان لە ویترینێکا هەڵئەڕێژن

بترسە لەوەی ئەم دیوارە تۆی پیا بڕووخێن

یان ئەم کوڕانە ترسیان بێ نەتوانن لە ئاییننتا

پێغەمبەری خەوتنت بن و

یان منی شاعیر بێزارم لەوەی بات تێ بکەم و

تۆ خەریک بی بتەقی

ببوورە گەر لێرە نەبووی مەرگی خۆت ببینی!

'پێزانین'ی ئێمەی کوڕیەتیم

بۆ شەیتان

بۆ ئەو کاتەی ئەم کوڕانە شەیتانی بوون

بۆ ئەو کاتەی ئێمەی گونشۆڕ سەرەخۆشیمان لە گونمان ئەکرد و

سپاس بۆ ئەو کارەکتەرەی پیازێک لەت کات

هەتا نەختێک فرمێسکیش شانۆت بم

ئەم پرسەیە گریانی بە من تەواو نابێت

ئێرە درێژەی مردنتە

درێژەی بۆگەنی ئەم شیعرە و

لەوانەیە من گۆڕێکی دەمترِن بم

دایکم تاقەتی نەبێ بمناسێتەوە

یان باوکم تێنەگا لە کەفاوی دەمی من بە ئاوێنەوە

تۆ لە ئاوێنەوە داکەوتی و

قەرزاری بەوەی ئاکواریۆمێ بشکێی

_ئەتوانی لێرە ماسییەک هەڵخەیت و مێشکت فێنک...

من دەنگم هەر لەم دێڕەدا هەڵخزا ئەی کەسی نەناسراو

ئێرەی تەمەنم گوم بووە و

جێی ئەم ترافیکانە ئێش ئەکا

جیاوازتر لە ئێشی تۆ بۆ کوڕانی ویترین و
ڕەنگە سەرەتای ئەم شیعرە حەقیقەتێکی قۆڕ بێ و
کەسیش لە منا خاوێن نەمرێ
وەک مردنی تۆ
کە شەکەتی لە کوردی و
من فارسی ناخوێندرێمەوە!
خۆت مەتەکێنەرە ئەم وەیلانییە
ئەی پەنجەرەی دەستەمۆ بە ڕۆشنایی!
من لە قەحبەبوونی ئەم تاریکییە چێژم بردووە و
تکایە چەپڵە بۆ تماشاچی لێ بدەن
تۆ نگەرانی لەوەی ئەم تماشاچییانە هەر بۆ تماشا نەهاتبێتن
ئێرەی مەریوانم گوشادە لە سینەتا و
من نگەرانم، لە کوردییا شەرەفی پیاوێک بیت
حەز کەی شتێ بخۆیت و
بای خەیاڵی هینیشمت خوارد
دڵم تەنگە وەکوو مەیانی ناوپات

سەرم گێژە لە گێژیی ئەم پەنجەرەیە و

من مەریوان لە کوێوە بتەکێنم؟!

مەریوان داخە و شوێنێک لە خۆتا ئەکەیتەوە

لە خۆتا ئەسپاوی ئەم کوڕانە گوم ئەکەیت و

حەز ئەکەی گەرم بی

نەرم بی

شەرم بی

وەک ئەو بازجووەی حەز ئەکا من دەمم ببەسم و

گونم باز کەم

ئەوکاتەی زریبارم ئێش ئەکا و

تۆش شوێنێکی ترت

...

من ئەتوانم زریبار بم و نەیشتخنکێنم

یان نەختێک جادە، حورمەتی دڵتەنگیم بێ

ئەو کاتەی منی سووکەسەرە چی جادەیە نەڕۆیشتبێتم

من ئەتوانم چی نەبم؟

شەهید، کاتێ نیشتمان پێویستی بە مردنە؟

یان گۆشەی ئاڵایەک ئەو کاتەی با پەلامارم ئەدات؟

من ئەتوانم فرە شت بدەم! وەک:

خوێن

دڵ

یان گوێ بدەم، بۆ لاژەلاژەکانی تەمەنێ کە نەچووم

نەختێکیش جوێن، بۆ بێتاقەتیی لەوسم و

کەڕاکەمماندوو بێ لە ناوی ئینسان

تۆیەک نەبێ منیەتیم بداتەوە بەڕووما

ئاسوودە بیابان بم بۆ کۆچ و

ئالوودە درەوشانەوە بم بۆ شەوارە

من ئێرەی ئینسانم ئێش ئەکا و

تۆ چ حەیوانێکی!

من ئێرەی حەیوانم بێدەنگە

قاچی ئینسانم ئەوەڕێ

ئەوەڕێ لە جادە و

ئەوەرێ لە هەوای بوون و نەبوونی کەسێک

لە ڕۆیشتن

گەیشتن

لە خۆیشی

ئێرەی ئینسانم، لە ئینسان ئەوەڕێ

ئەبێ خۆمی تابلۆ ڕەنگی پیا بپاشم

یان لە خۆمی شەهید گۆشەیەکی تێخەم

تا بە نەبوونی کەسێکەوە

نیشتمانێکەوە

گۆڕستانێکەوە

یان لانیکەم دیوارێکەوە بوەستێ

بوەستێ بەرلەوەی تۆ جلەکەت یان چڵمەکەتم پیا بساوی

بەرلەوەی کوڵم کەیتەوە

لە قژی هەمیشە نەبووتا

من درێژم وەک نەبوونی ڕۆمانتیکت

یان ئەوپەڕەکەی وەک شوێنی درێژی باوکم لە دایکما

ببوورە ئەگەر دەمی حەیوانم ڕوو لە شوێنێکتە

یان لەم دێڕەدا پێکەنینێک بم بە سەرەتای ئەم شیعرە و

من هەمیشە عادەتمە خۆم ئەنجن ئەنجن کەم

لە تابلۆیەکی دەسچندا خۆم هەڵوەشێنم

یان تۆ، تۆی بەرەڵڵا لە گیرفانما بدۆزمەوە و

سەیرە لە خەیاڵما درێژی وەک...

ببوورە باشتر وایە بە شوێنێکی ترم قسە بکەم

تۆ ئەتوانی لە شوێنێکی ترما گۆرانی بیت

لە١ شوێنێکی ترما پاسپۆرتی سەفەر و

برێجاریش ئەتوانی خۆم بیت

خۆم بیت و من گووت تێکەم

وەها تەڕت کەم زێباریش نەتناسێتەوە و

سەرەتای ئەم شیعرە تەنها قسەیەکی قۆڕ بێ و

من عادەتمە قسەی قۆڕ بکەم:

ئەتوانم زرێبار بم و نەیشتخنکێنم

...

ئەم شیعرە نەختێک درەنگ فریای ماشینی مرنتان نەکەوت!

ببوورە خانم، تۆزێ ئەولاتر:

ئەم بەرە و مەرەی شیعرتانە تەنگە لە جێم

من ناتوانم بە ژمارە شاعیر بم

وەک ژمارەی پێڵاوەکانم کە هەمیشە پێی پیا دەنێم

پیادە ئەبم لە ئەدەبیاتی ئێوە و

بگریەم بۆ زمانێ کە نوقسان کەوتە دەمتان

بگریەم بۆ مێژوویەک،

لەتوکوت بەسەرمان دادەبارێ

تکایە لە دەرەوەی ئەم شیعرە چەسبم بکەن

لە دەرەوەی ئەم شیعرە شاعیرێک بوەستێ

نەختێک کارم پێیە و نەختێکیش شار

بەڵکوو لەبەر شێخی قاڵاو و ئاپارتمان هەناسەم لێ با

وەک ئەو جگەرەیەی لەم شیعرەدا دایگرساند

ببوورن ئەگەر زرێبارم ئەڕژێ!

یان کوردیم ئەشەلێ

ببوورن ئەگەر ئالوودەین بە هەوای ویترینی بەرتان

هەوای ئێرە لە کراسێک ئەچێ

تا کتێب حەز کا گوشادە بە بەرتان

ئێوە کە کتێب ئەڕشێنەوە

ئێوە کە تێئۆری چاری حافزەتان نایەت

ئێوە کە ناوی چی فەلسەفەیە ئەپژمن و

من لە عادەتی تێنەگەیشتنتان یاسم

لە عادەتی مێژوو، کە وانموود ئەکا: هەن

...

ئاوێنەیەک پڕە لە کچ و

من نازانم بۆچی کوڕم!

ئاوێنەیەک لە منا کچ ئەڕوانێ و

ئاوێنەیەک ژوورەکەمە

...

وەرە بمگێ، ئەی تەمەنی خۆنەویست

منی زۆڵ  لە خۆتا بخەرەوە

لە خۆتا گووم تێکە و

نەختێک تراو بمهێڵەوە

نەختێک گوواو پێویستە بۆ ئەندێشە پاکیزەکانی گەنجێتیم

بۆ ئەو ڕۆژانەی لەم شارەدا کەوتمە خوار و

دەستێک نەبوو بەخێرهاتنمی تێ تف کەم

چاوێک نەبوو لەم تابلۆیەدا کوێری بکەم و

چی ڕەنگە لە منا حەرام ئەبێ

چی خەتتە، لە منا لار ئەبێ

من لە خۆما مردنێک قەرزارم

گوێیەک بووم، هیچ کەڕییەکم نەبیست و

هەموو لالّییەکانم قسە کرد

حەسرەتم بخۆن:

ئەی ئەو دیوارانەی جێمان  تا بڕووخێن بەسەرما

ئەی ئەو جاددانەی فریا نەکەوتن ئاوارەم بکەن

حەسرەتم بخۆ:

ئەی ئەو ترسەی لە ئینسان ئەچی و

لە منا ئەوەڕی

بوەڕە ئەی من

تا سەگی دەروونت هەمیشە بێدار بێت

ئینسانت گورگ خواردی و

تا حەزکەی میهرەبانی ئەلاژێنێ

سپاس بۆ ئەو گۆرانییە جوانانەی کە نەتانخوێند

من پێویستم بە کەسێکە، دەنگی خۆش بێ بۆ جوێن

یان شانۆیەک، تف لە کارەکتەرەکەی خۆی بکات

ئەوە ڕوومەتمە و

سپاس بۆ ئەو دەستانەی زللە بوون

قاچەکانتان دانێن!

سەردەمی ڕۆیشتن تەواو بوو

چاوەکان و، پەنجەرەکان و، ئاوێنەکانتان دانێن

شەوەکانتان دانێن

سەردەمی هەسارە تەواو بوو

تەنها بیرەوەرییە و ئەنووزێنێ

بنووزێنە ئەی شار

ئەی دار و ئەی بەرد

بنووزێنە ئەی منی گەڕۆڵ

...

تەمەنێک هەڵچنم و

گلەیی چی پەنجەرەیە با لە منا بنووزێنێ

خۆم لە منا بمرێ

بمرێ ئەو سەردەمەی تۆپێک بووم

بۆ شەقێک ئەگەڕام نەمکاتە گوڵ

بمرێ، ئەو مردنەی بەتەما بووم لە ئەزەلیەتا بمێنێتەوە

بمرێ منداڵیم

کە چاوی بڕیبووە گەورەکان

دووکەڵی من لەم دێڕەدا تەواو بوو و

دەسپێکی تۆیە ئەی غوربەت!

دەسپێکی ئەو کۆڵانەی درێژەی ئەڕژێتە ئێرە و

فریا بکەوم دامنەخەن

من قەرزاری پاییزێ

من قەرزاری ئاو

قەرزاری نیشتمان

ئەمەوێ نەختێک شەهید نەخەوم

نەختێک وشکی، نەمرم

نەختێک درەخت...

ئەمەوێ ڕووناکیم بگرمەوە لە تاریکییەکان

لە تەنیاییتانا دیاری بدەم

حورمەتی باوکیەتیتان

بە کوڕیەتیم بشکێنم

دار و بەردی ئەم شیعرە یاخییە و

جگەرەیەک نییە بتانکێشم

شتێک لە قوڕگی ئەم دێڕەدا گیری کردووە و

خوایەک نییە کفرتان بکەم

دیوارێک نییە بتانڕووخێنم

من چی خەونی خوایە شەیتانم

چی خەونی کچە پەردەم

کەسێک نییە بمدڕێنێ؟

کەسێک نییە لە منالّیما بموێسێنێ و

گەورە بوون هەر بۆ ئێوە باشە!

گەورە بوون بۆ نەنکم باشە

کە فەخر بە تەنیایی خۆی بفرۆشێ

بۆ کچێ باشە

گوشادیی خۆی لە کوڕێکا داشارێ

من بچووکی ئەم تەنیاییەم

نەختێکم لە پیاسەی بەر لە مردن و

نەختێکم لەو ئاواتەی کەسێک فڕێی دام

کەسێک بەرلەوەی شووتم کا وتبووی

. من بۆ بیرەوەری

باشم

کەسێک گۆڕی خۆی لە منا هەڵکەندووە و

بڕیارە لە کوڕێکی ترا سپاسم بکات

کوڕێک، کە چی وشەیە لەوا مووسیقی بن و

چی گۆرانییە، لە منا بوەڕن

ئەی ماری خۆش ڕەقس!

ئەوەتا من حەیوانێک ئەنووسم، لە خۆم ئەچێت

لە خۆم و لە تۆی مردووم ئەترسم

ئەگەر سەفەر نەتوانێ بمبا

...

پێکێکی تر تێ دەکەن...

شەقام چۆڵە و

ئەم نغرۆیە لە بیری جێهێشتنی دۆست و وڵات!

هاوڕێکەی دەنگی پەخشی ماشینەکەی زیاد دەکات:

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش ...

پێکێکی تر بە یادی ئێستایان

کە هەمیشە ئێستا درێژەی دەبێت

...

ئەگەر دنیا نەوەستێ بەر لە هاتنت

من سەفەرێکم ماوە نەڕۆم

بڕۆم لێرە، لە زمانی مەرگا کەومە پرتە پرت

من لە زمانی ئەم ژیانە تێناگەم

لە زمانی کۆڵان

کە هەمیشە بونبەست بمکاتەوە

من داکەوم ئەگەر لە وەرزێکا و

دڵتەنگ بم بۆ ئەوەی نەختێ بەسەر دنیا ببارێم

بنووزێنم ئەگەر بە سەگێکا و

دڵتەنگی سەگ بوونی کەم

کات شەرمن کەم

که لە ڕابردووما نەیتوانی بوەستێ

من لە ڕابردووما ماتڵم کەسێک نەیەت و

چی گۆرانیی دنیایە لەوێ جویێن بم

لەوێ خۆم لە بەرتا ببینم

خۆم لە بەرتا ماتڵم کەسێک دامکەنێ

کەسێک شووتی کردم و

من لەم مەیانە داکەوتم

وەک باوکم لە مەیانی مین

لە هەر کوێی ئەم زەوییە قەحبەیە دایەرەیەک بوو من خولامەوە

لە هەر کوێی ئەم کراسە گیرفان بووم کونتان کردم

من کورسی بووم و

فەرموون ئێوەی ڕۆیشتن، دانیشتنتان تاقی کەنەوە!

وەک تاقی کردنەوەی من لە ڕەنگێکا

من لە تابلۆشا موسافیری نەڕۆیشتنم

لە دڵتەنگیشا

ئاوێنەیەکەم هاشووری

من ئەترسم بەیانییەک هەڵسم بە دوای خۆما بگەڕێم

بە دوای خۆما بوەڕێم

گورگم ئەترسێ بەیانییەک هەڵسێ

سەگی ئاوێنەکە بشکێنێ

بترسم هەر لەم شیعرەدا مردبێتم و

کەسێکی تر خەریکە بمنووسێ

خەریکە تەعارفم بکا بە جادە

خەریکە ئەنازەم بگرێ بۆ پەنجەرە

یان کەسێک خەریکە بە جێی من بمرێ و

خەریکە...خەریک

...

شاری ئێرەم لە نەبوونی کەسێک ئەچێت

لە نەبوونی هەناسە، بۆ گەروو

دڵتەنگی ئێرەی نەهاتنتم

ئێرەی مردووم شار دەگریی

شار دەمرێ لە سەفەرێکا

کە تاقەتی نەڕۆیشتنی بەسەرچووە

ڕۆیشتنم هەڵواسە بە هەوایەکا

هەوایەک، بە سەرتان ببارێم

تکایە کەسێک کۆم کاتەوە

کەسێک لێرە ڕژاوە بەسەرما

وەک کڵاو

سەرم تەنگە بۆ داپۆشین و

قاچم درێژە بۆ نەڕۆیشتن

دەستم پڕە لە مشت و

کەسێک دەستی نەبوونم بگرێت

نەختێ چاوی نەبوونم ببینێت

نەختێ سەگم بخاتە درگای شەوانی

لێرە پێویستە مردنی خۆم ئاشکرا بکەم

پێویستم بە کەسێکە مردنی من لەبەر بکات

کەسێک، مردنم ئەخوات و

کەسێکی تر تفم دەکاتەوە

مردنم تکایە کەسێک لە گۆڕ بنێت

ئێرە ئینسانێکی کەمە بۆ ژیان

...

من قەرزارم بەوەی ماسییەک ببمە زەریا

ماسییەک چی خەونی ئاکواریۆمە وەنەوز ئەدات

تەبێعەتم زەریایەکە، کەشتییەکانتان تێپەڕیون

وشکییەکانتان تێپەڕێنن

هەناسەتان

مردنتان

ئێوە بۆ تێپەڕین هاتوون

من ماسییەک ماتڵی زەریامە

هەناسەیەک ماتڵی هەوامە

سپاس بۆ نەبوونی شەوگارتان

که تیری هەسارە بووم

ئێوە چی ڕەشاییە بگریین

لە ڕابردوویەکا کە بیابانن:

سپاسی نەهاتنتان ئەکەم

لە تاسەما کە زیندانن:

سپاسی ئەو دیدارەی نەهاتن

من زیندانێکم پێیە بۆ دانیشتن

پاییزێکم پێیە بۆ هەڵوەرین

یان دیوارێک بۆ داکوتین

کەسێک نییە بمکاتەوە

کەسێک نییە بۆ نەڕۆیشتن هاتبێ

کەسێک پەنجەرەی بە دیوارەوە خۆش بوێ

من تەمەنێکم پێیە

ژیانی بە مردنەوە خۆش ئەوێ

...

من خاڵی وەسەتی ئەم غوربەتەم

وەرە بمپێکە ئەی نیشتمان

من ئەتوانم لێرە فووت تێکەم و

تیزانگێک بە حەواوە

هۆشت بێ نەتەقم

هۆشت بێ منی ڕێگا          بۆ بێتاقەتی نابم

منی ئاو          بۆ ئاکواریۆم

چی ماسییە لە بەرمایە

چی کڵاوە لە سەرتایە

چی غوربەتە سڵاو!

سڵاو لە نەبوونی ئێوارەتان

تف لە مەرحەبایی هەرچی جادەیە و

ڕووڕەش بێ بەفر، کە لێرە ناباریٚ

کە لێرە خووساوم و گشت گیانم بیرەوەری لیٚ دەتکیٚ

لێرەی پیادەڕەو، کە زەمەنی هەنگاوە و

لێوانی زەمەنە و

کچی زەمەنە و

داروبەردی ئێرە کاتی لیٚ ئەتکیٚ و

تەواو نابیٚ

لێرە کە ڕابردوو لە شەرابا ناخڵەتیٚ

کە مرۆڤ هەر بۆ بیرەوەری باشە

کە ئێمەی زیندوو خوێڕیترین لەوەی بمرین

منی ماسی، هەڵهاتم لەوەی نیشتمانێکم تێدا خنکا

یان لە کچێکا ماتڵم ڕۆیشتبێتم

ماتڵم فڕیبێت ئەو چۆلەکەیەی ئەمجریواند

ئەتەویٚ چ حەیوانێک بم ئەی نیشتمان؟

ڕاوم كه و،

من له ماسییا ڕاحەت ئەمرم

له گورگا دژوار ئەژیم و

له خۆتا نەختێک حەیفم بۆ بوون

نەختێک حەیفم بۆ نەمردن و

تا حەز کەی دەنگم زوڵاڵه بۆ نەوتن

تۆ گۆرانیم بڵێ

منیش جنێوت

تۆ بەفرم بڵێ و

تۆ نەبوونم

من غوربەت و

من وشکی و

من خاڵی وەسەتی ئەم غوربەته

...

تاکوو بەرد بۆ نەمرین؟!

تاکوو بەفر بۆ ڕانەوەستین؟!

من بەتەمای پاییزێک بووم دابەشم کات

بەتەمای زستانێک

سپیم و

تاریکییەک نییە بۆ درەوشانەوە

لێرە، نۆرەی مردنە

بە کراس و شەرواڵی منەوە فیز بکات

نۆرەی مۆسیقایە

بە ڕابردووی منەوە بلەرێت و

نۆرەی خۆم لە دوای "ژیان"ەوەیە

من ڕێگایەکم پێیە بۆ نەڕۆیشتن

گۆرەوییەکم پێیە بۆ بۆنکردن

ئەی ئەو کەسەی لەم شیعرا تفم دەکەیتەوە

لەم شیعرا خرم دەکەیتەوە

من بەدیار چاییەکەوە

بەدیار ماچێکەوە٠

من بەدیار نەهاتنێکەوە بووم بە شاعیر

بووم بە شاعیر تا جنێوت هەمیشە ئامادە بم

تا لە کچا هەمیشە پیاو

لە پیاوی ئێوەدا شتێک کەمە بۆ ئینسان

وەک شیعری من، کە هەمیشە

دەستێک

قاچێک

خەونێکی زیاوە و

لەم پازڵە بە کەیفی خۆتان دروستم کەن

لەم چاییە بە کەیفی خۆتان تاڵ

بە کەیفی خۆتان ڕەش

من ماتڵ بووم کەسێک لەم بەفرەدا دڵتەنگم بێ و

سپییەکانم تەواو ببن

سپییەکانم کۆتا ببن و

کەسێک، ڕووت سەرمای بخۆم

هەوای نەبوونی بخۆم

من ماتڵ بووم

من ماتڵ بووم ببمە شاعیر

تا لانیکەم لە شیعرا بتخەوم

لە شیعرا ماچم بیت

لە شیعرا دووری نەبیت

من ماتڵ بووم ببمە شاعیر و

تۆ لە شاعیر ترسای

وەک لە گوولله و

وەک لە تەنیایی و

وەک لە برسێتی

تۆ ماتڵی مۆسیقایەک          من نەبیستی

تۆ ماتڵی، هاوارێک          من بێدەنگ بی

...

من خەریکم کەسێکی تر دەژیم

ئێوە دەمرم لە خۆما

خەریکم بەرلەوەی ئاینده بێت بڕۆم

بەرلەوەی ئێوە بڕۆن، من بمێنم بۆ دڵتەنگی

خۆم دابنێم سەرما بخوات

نان بخوات

شەراب بخوات

غوربەت بخوات

خۆم دابنێم فێری بکەم نەترسێ لە تاریکی

لە گورگ

له هەوای نەبوونتان

نەترسێ، ئەگەر تەمەن تەرجومەیەکی سەقەت بێ لە ژیان

خۆم دابنێم، فێری پەڕینەوە لە خیابان

خواردنی برنج بە چنگاڵ و

فێری زمانی تازەی تەنیایی بکەم

فێری بکەم چۆن دەست بۆ نەبوونی کەسێک

کۆڵانێک

زرێبارێک ببات

لە کەریم کابانێکا

تەمەنی پڕ ئەسرینم بڕوات ملی خۆی بشکێنێت

ملی ئاو

من کە لە ئاو بێزار بم

ناتوانم ماسییەک لە خۆما داکوتم

حەوزێ لە خۆما قەتیس بم

من خەریکم دیوارێ لە ئێوە ئەڕووخێم

گۆشەیەک لە من بکەنەوە، بۆ دانیشتنتان

ئێوە و خێری دنیا و قیامەتتان

هەمیشە کوفرێکم لە خوای نەبوونتان، تەواو نابم

...

خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووین: تەماتە و برنج

باوکم تیڤییەکەی خستە کەناڵی خوێنەکە و

وتی: تماشا تخوا پێشمەرگەی داماو

لە مەیانی شەڕا خەریکی خواردنی برنج و تەماتەن

...

وەک دیوار، کە بە زمانی ئاجۆر

پەنجەرە، کە بە زمانی ڕوانین

من بە زمانی تەنیایی قسە دەکەم

وەک تۆ! کە ماندووی لە کچ بوونی خۆت

یان باوکم، کە ماندوو بێ لە باوک بوونی

وەک مردوویەک ماندوو لە مردنی خۆی

منیش ماندووم لەوەی شاعیر بم

کێف لە کێف بوونی خۆی ناترازێ

سەفەر لە ڕۆیشتنی

منیش لە بێدەنگیم

من ترساوم لە کوڕێ کە نیم

وەک ترسی تۆ لە پیری

شەهیدێک لە فەرامۆشی

منداڵێک لە تاریکی

بریا دەمتوانی لە نەبوونی خۆم کوڵ کەمەوە

وەک تۆ کە قژت

باوکم کە پشتوێنەکەی

من ناتوانم لەگەڵ پەنجەرە، بە زمانی دیوار

لەگەڵ دایکم، بە زمانی پیاو

لەگەڵ نەبوونی تۆ، بە زمانی بوون

قسە بکەم

...

شەهید ئەتوانێ داگیر بکرێ

وەک نیشتمان

لە شەوێکا کە هەموومان خەوێکی قورسین و

تاریکی بەشی وچانمان ناکات

کەسێک شەهیدەکان داگیرسێنێت

کەس لە زمانی نیشتمان تێناگا

وەک لە زمانی ئەو هەموو مەرگە تێنەگەیشتین

کەس لە زمانی پەنجەرە تێناگا و

وریا بن ئەم شەهیدە نەشکێین

وریا بن حورمەتی ئەم پێشمەرگەیە کاول نەبین

پێشمەرگەیەک بە چی تێز و ئانتی تێز و ئایدۆلۆژییە نەخنکێنین

تا سبەی لە ئاویش بێزار بین

سبەی لێرە من خوێن بم و

بە پشتوێنی پێشمەرگەوە مێژوو توند ببەستم، دانەکەوێت

مێژوو توند ببەستم، نەڕژێت

من ئەگەر پێشمەرگە بم:

چی مەکتەبە بملێتەوە

چی دوکتورە خوێنی ئەم شەهیدە

چی کۆمەڵناسە ئەم مەرگە تەحلیل بن

نیشتمانێک سەرانسەر ڕەنگ لەبەرمانە و

هەڵەیەک ڕووتین بە ڕووی دوژمن

پێشمەرگەیەک لێرە ماندووە لە ڕەنگ و

ئەیەوێ نیشتمان لە دەستی بێڕەنگیا ئاو بخواتەوە

پێشمەرگەیەک لێرە ماتڵە هەسارە بژی

پێشمەرگەیەک بۆنی حەسرەتی ئێمەی لێ دێ و

تامی ژیان ئەدات

...

من ناتوانم لەگەڵ نەبوونی تۆدا بەشەڕ بێم

کە ئێوارەکان لە دەستما خاڵی ئەبنەوە و

ئەوەی هەیە و نییە

سەرخۆشییەکە چاری کات ناکات

سەرخۆشییەکە کە لە ڕابردوو هەڵئەچێ و

شێوەی نەبوونی تۆ دەدات

شێوەی شەقامەکانی ئێرە و

من ترسم نەبێ ناوی خیابانێکم لێ تێک بچێ

ترسم نەبێ نانی ئێرە بە مەزاقم نەخوا و

ترسم نەبێ خۆم بە دیوارێکا هەڵواسم:

بەرز وەکوو دووریت

پتەو وەک کات و

کاتی ئێرە لە زمانی منا هەڵناسوورێ

لێرە ئەوەی هەیە نەبوونی منە و

لێرە ڕابردووە خەریکە دەژی

لێرەی ژیانی ئەمان، من پڕم لە مردن و

فریای کوشتنی خۆم ناکەوم

فریا ناکەوم بچمە شەقامی سەرەکیی شار و

دەست لە پەیکەری داهاتوو بدەم:

کە هەنووکەم نەبوونی تۆ بێت

فریا ناکەوم بە ئاوێنە بڵێم:

ئەوەی من دەیبینم، کەسێکی ترە و

چۆن پێت بڵێم؟!

من هاتم چاوم بە نەبوونی تۆ بکەوێ

ئەوەتا دەستم بە مردنی خۆیشم ناگات

من هاتم لە نەبوونما تێم بروانی

نەترسی لەوەی بمناسیتەوە

تا لە نەبوونما بۆنم بکەیت

تا لە نەبوونما بمێنمەوە

...

نەبوونی تۆم لەگەڵدایە

نەبوونت لە پیاسەیەکی دەمهەراش

لە ئوتومبێلێک کە منی کەمە بۆ تەسادف

نەبوونت نەهێڵم سەرما بخوات

وەک خۆم، کە چی جادەمە خوارد و

کۆڵانێک قەرزارم بە شاری ئێوە

کەسێک بمکاتەوە بە خانوو

گۆڕێک قەرزارم بە نیشتمان و

کەسێک بمکاتەوە بە شەهید

کەسێک لە پاییزی بێدەنگیم بچێ و

لە سەرەتای بەفر و

من سەرەنجامی نەبوونی تۆم

من کۆتایی پیاسەکان و

من کۆتایی ئێواران و

من سەرەتای حەسرەتێکم قەرزار، بخورێم

...

شەرابێک لە شەهیدا بخورێم و

دەمم تامی باکوور بدات

بمرم بۆ شۆڕشێ

کە لە ڕۆژهەڵات بوونی نییە و

خولیای منداڵێک بترسێ لە مرۆڤ

کە بۆ نەختێک ژیان، دەمرێت

نیشتمانێکم پێیە زەبەلاح

پەڕۆیەکی نییە بۆ هەڵپەڕکێ و

لە ژێر باکوور و باشوورتانا دەناڵێنێ و

ڕۆژهەڵاتی پێ زیاوە بۆ مێژوو

نیشتمانێکم پێیە، هەر بۆ غوربەت باشە

من باوكم له ئایدۆلۆژییه‌كا نایه چاڵ و

كوڕه‌كانتان مه‌كه‌نه جوغرافیا

من ئه‌ترسم، گه‌ر براكه‌م نیشتمان له قاپێكا هه‌ڵبگرێ

یان شه‌هیدێک به ده‌روازه‌ی شاره‌وه تۆز بخوا

شۆفیرێک هاتبێ نیشتمان پیاده بكا

...

بۆ هاتووی؟

لەوێ هەڵەبجە بم دارسێوەکان بژمێرم

یان لێرە، چۆلەکەیەکی چەقیو بم

بۆنی دووکەڵی کارخانەکانی تاران بکەم

یان لە پێرسۆس بە ئایینێک نەقاشیم کەن؛

لە هەر شوێنێک من نیشتمانم ڕاخست، تۆ لەوێ بووی

بۆ هاتووی؟

...

چی لە نەبوونت کەم؟

من کە دیوارێکم پێ نەماوە

بە کوێدا هەڵتواسم؟

کە کراسێک بە بەرم ناکات

بە چی داتپۆشم؟

کە سەراپا نەبوونی تۆم

کە سەراپا پەردەیەکم تەنگ

پەنجەرەیەکم کۆتا و

ماسییەکم لە تابلۆی نەقاشیدا زیندوو

ئەی نەبوونی تۆ، کە لێرە گەورە بوویت!

ئەی نەبوونی تۆ، کە بوویتە من

که قەرزاری هەوات کردم بۆ هەناسەی

شار، بۆ پیاسەی

کوا ئێمە تابلۆیەک بووین بە نیگایەک بمرین؟!

کوا من کفرێک بم بەر لەعنەتی خۆم کەوتبێم؟!

تۆی ئاو حەز لە نەبوونی ماسیم بکەیت و

من بێزار لە ماسی بوونی خۆم:

که مانای ئاوم بۆ ناگۆڕدرێت

دەریا لە نەبوونی تۆوە دەستی پێکرد و

ئەم شیعرە عادەتیە لە سەرابا بمرێ

وەک من کە عادەتمە لە نەبوونی کەسێکا

وەک تۆ، کە عادەتتە من بمری و

عادەتتە مانگانە خوێنت لێ ڕژابێ

یان من، کە کلیلەکەم

کاغەزەکەی دەستم و

برێ جاریش خۆمم لە بیر چووبێت

ئەوەی پێمە نەبوونی تۆیە و

ترسمە لە ئاوێکا بخنکێ

یان لە بەردێکا بشکێ و

من خۆمم بۆ کۆ ناکرێتەوە

وەک تۆ کە کراسەکەت

یان براکەت کە شەرافەتی

یان خۆم کە سەرابەکانی پشتسەرم

من ترساوم لە خۆم

کە دیوارێکم نییە داتکوتم

کە کۆڵانێکم نییە دراوسێت بم

...

هەتا تۆ تا بکەم و

خۆم لە ئەگەریکا بمێنمەوە

کە بەڵامیشی تێنەپەڕاندووە و

بۆچی، پرسیارێکی ئەبەدی بێت لە منا

بۆچی کونێک بێ لە منا

نیشتمانم تێ بکەوێت

غوربەتم

١شۆڕشم

هەتا تۆش پێبکەنی

پێبکەنی بەو پرسیارەی کە منم

بەو بۆچییەی کە ڕابردووە و

هەنووکەم هاتووە گاڵتەی پێ بکەن

من هەنووکەم شۆڕشی لێ ونە

نیشتمانی لێ ونە

خیابانی لێ ونە

تۆی لێ ونە

من هەنووکەم نازانێ کێم

سەگێکە وێڵ

ناوێرێ خۆی بە دیوارێکا هەڵواسێ

وەک هەڵواسینی ئەگەر بە بەڵامێکا

قەیران بە دۆخێکا

دۆخی من ئەمەتام:

من لاشەی داهاتووم

قەیرانی شەڕ

نەبوونی ئازادیم

ئەوەتا لە دروشمێک ئەچم

خۆم تاقەتی وتنەوەیم نەماوە

...

من بڕۆم و

دار بێت

دیوار بێت

من بڕۆم و

جێگە بۆ ڕابردوو چۆڵ کەم

جێگە بۆ مردنی خۆم بگرم

بڕۆم لە دەرەوەی خۆم بۆگەنم بێت

بۆ بکەم بە هاتنی خۆمەوە

بۆ بکەم بە ئاوێکەوە کە پێویستە ڕۆژانەی بڕژێنم

بە کچێکەوە کە لە ژێر مۆسیقایەکدا نرکەی دێت

بە خۆمەوە بۆ بکەم،

بەوەی کە ئێستا نیم

یان ئەوەی کە هەمیشە وەڕاندوومە لە بوونی خۆم

من ئەمەتام، سێبەرێکم لە کۆڵی ئەم شارە دانابەزم

من ئەگەر وشە بم هیچ ناڵێم

فەرموون با مۆسیقای ئێوە دەست پێ بکات

با تەنیاییم بڕوا بە عەزەمەتی خۆی

ئەی خەڵکی سەگەڕاو

ئەمەتام ئەوەڕم لە هەوای نەبوونتان

...

بەختەوەر بە ئەی غوربەت

لە منا بەختەوەر بە

لە منا ژیان بکە ئەی تەنیایی

لە منا گان

نان

کۆڵان بکە بۆ پیاسە

ببوورە ئەی مەرگ:

جگە ژیان هیچی ترم نییە

جگە دۆڕاندن

بەختەوەر بە ئەی بەفری من

مەترسە لە جەنازەی ئەم جادەیە بە کۆڵتەوە

ئەی پیاسەی من

داوای لێبوردن ئەی ئاو

من لە دیوارا ژیاوم

من لە دیوارا ڕووخاوم

من لە دیوارا بە زمانی بەرد

بە زمانی پەردە

پەنجەرە

گریاوم

...

ئەوەتا خەریکم بە مردنی خۆما دێمەوە ئەی نیشتمان

بڵێ لێم گەڕێن با ئاسوودە بمرم

با ئاسوودە خۆم تف کەمە دەستەکانی تۆ

دەستەکانت لە مردوویيم نابنەوە

بە مردوویی داکەوم، بۆ بە ژیانەوە بکەم

بۆ بە نەبوونی خۆمەوە

من لە کۆڵانی حەسرەتەوە پیاسەم کردووە

من گیرم کردووە لە ترافیکی ترسا

ژیان بۆ زەبوونی کەمە و

مردنیش زۆر

ئەی ئیماندارانی ئێوارەکانی ڕۆیشتن

دیوارەکانی ئازادی

منداڵانی با

ماندووم لە چاوی شەهیدتان

لە منارەی سەفەرتان

من لە پاییزی ئەم نیشتمانە هەڵوەریم

کۆڵانێک خوارتر لە ئینتیزارتان مردم

کاتژمێرێک ئەملای باوەشتان ژیام

ڕووخام دیوارێک نزمتر لە تەمەنتان

بێنەوە مردنی خۆتان، سەرسپوردەکانی ژیان

داتەکێ ئەی ڕۆژگار!

ئەو هەموو ژیانە سەرەی دیتنی تۆیان گرتووە:

ئەوانەی پێیان وایە لە شەهیدا نامرن

ئەوانەی بە ئومێدی تۆوە چوونە غوربەت

ئەوانەی خوێندنی باڵایان داناوە بیکوتنەوە بە چاوی مردنا

زۆرن ئەی نیشتمان

ئەوانەی ماتڵن کەسێک لە تۆوە بیانبینێت

ئەوانەی لە ئاوێنەی تۆوە چاو لە فیگۆڕی خۆیان ئەکەن

تابلۆکانی ئەم جادەیە لە خۆما بوو

دەستم لە نەبوونی خۆم دا

لە تۆی بیرەوەری

من تەنها لە دوورەوە ژیانی خۆمم بینی

...

به قەراخی نەبوونتا دێمەوە

به قەراخی غوربەتا

دێمەوە باوەشی توورەییەکانی باوکم

هەڕاکردنی دوای شۆڕشمان

دێمەوە ژێرنووسی TVی دراوسێکەمان

که نەهاتنەوە دەردێکه گران هاوڕێ

نەهاتنەوە هەڵگرتنی نەبوونی تۆیه

فێڵێکه له بوونی خۆم

خیانەته به تەمەن

به نیشتمان

من کوڕی ڕابردووم

کوڕی سەردەمی با

کوڕی مردنی خۆمم

مردنم چکۆلەیە وەک تیزانگ

فووم تێکە ئەی کات

من سالمترین وشەی ئەم شیعرەم

(گەرچی سالم لە ئەدەبیاتی ئێمەدا خاوەنی مردنی خۆیەتی)

من خاوەنی غوربەتێکم

پڕە لە ناونیتکەکانی باوکم و

لەو دراوسێیەی خیانەتی بە کۆڵانەکەمان کرد

من خاوەنی غوربەتێکم، تەڕ

وشک

ئازا

ترسنۆک

قەڵەو

لاواز

من خاوەنی هیچم ئەی نیشتمان

تفت کەمە تەویڵی کام وڵات؟

بتساومە ترافیکی کام شەڕ؟

قەدەغەیە شەق لە شەهیدێکت هەڵبدەم،کە بۆ نامرم؟

کە بۆ مردنیش ئەبێ ژیان بکەم

کار بکەم

گوو بکەم

من گووم کردە هیواکانی باوکم

دۆعاکانی دایکم

من لە کچێکا پێش ئەوەی ڕەحەت بم سەقەت بووم

لە کچێکا پێش ئەوەی شیعر بڵێم

مۆسیقای خست بە ملما

غوربەتی خست بە ملما

نەبوونی کۆڵان و دار و شاری خست بە ملما

کە نەهاتنەوە دەردێکە گران، هاوڕێ

...

غوربەتێکم پێیە

لە سووچێکی ئەم شارەدا کوژراوە

ئەتەوێ چیم ببینی؟

غوربەتێ کە من بم

بۆشاییەکە، بە هیچ نیشتمانێک پڕ نابێتەوە

ئەو شەهیدانەی من بوون و

بەدەستی سەرکردەکانیان کوژران

من دەستم بە خولیایەکەوە گرتبوو

دەمم لە مردنێک دابوو

من بە تامی مەرگەوە گەڕامەوە

بە تامی نەبوونی خۆم

گۆڕستانێک کە من بم

بەشی هەموو مردووەکانی ئەم شارە

بەشی هەموو نەژیاوەکان

بەشی نەبوونی ئێوە

ئەوەتا پڕم کەنەوە

ئەوەتا جوان سەیرم بکەن

مەرگی هەمووتان لە منایە و

تابلۆیەکم لە غوربەت

ئەی خەڵکی کووپین و برنج و ڕۆن

ئەی خەڵکی کافە کتێب و

شەوانی تاریکی و دزەدزە

پێش هاتنەوەم، من مردبوون

من مردبوو هاوڕێکەم کە وتی:

کۆڵانێکمان نییە بۆ پیاسەت

ئەمانە هەموو گۆڕستانێکن، تێر تیایانا بمرە

تێر تیایانا بگرە

قەپ بگرە لە خۆت

لە خۆت بە دیواری ماڵتانەوە

کە باوکت یاسە لە کوڕی سەرتاقەکە و

دایکت فرمێسکێکە هەمیشە لە چاوتا بیسڕی

هەمیشە لە چاوتا دیواری ئەم شارە بڕووخێ بەسەرتا و

تا حەز کەی لێرە کرێکار زۆرە بۆ سیمان و ماسەی لەشت

تا حەز کەی لە ئاخی ئەم خەڵکە هەڵکێشە و

بەخێر بێیتەوە بۆ باوەشی بەرچەسپەکانی ئەم شارە

بۆ ماڵی داخراوی هاوڕێکانت

بۆ بەلاچاو ڕوانینەکانی باوکت

کە نائومێدە لەو غوربەتەی تۆی نەکردە پیاو

بەخێر بێیتەوە بۆ "لطفا کارت شناسایی" و

بۆ نیشتمانێک کە "نالی"یان تەنها لە غەریبییا خۆش ئەوێ

(ئەی کوڕی باش)

(ئەی کوڕی جاش)

کە پێت ئەڵێن لە ئێوارانی بادەیانا

له داتەپیویی خۆیانا     کە ناوێرن درگا بۆ ژیان بکەنەوە
کە ناوێرن نەختێک لە مردنتا دانیشن

لە مردنما، دراوسێ لە مردنما درێژە بە ژیانی خۆت بدە

کە سەفەر نەیتوانی بمبا

ئەوەی لە منا هاتەوە

کۆمەڵێک مەرگ بوو

بەدوای گۆڕستانەکەیا ئەگەڕا

...

بێتاقەتی ڕەنگەکانی بەرمم

بێتاقەتی ڕەنگی ئاو        کە ماسییەکانی لەشم ژێر کاتەوە

کە گورگەکانی قاچم

کە سەگەکانی دەروونم        ئەوەڕن لە خۆم

من دڵتەنگی خۆمم

وەک دایکێک دڵتەنگی منداڵەکەی

وەک کێفێک دڵتەنگی شکۆمەندییەکەی

ئەوەتا بانگ دەکەم لە خۆم :

ئارام بە ئارام

وەک ئەو بەردەی بە خۆی دەڵێ:

بەرد بە بەرد

من هەموو شتێ گوشادە لە بەرما          ناوەکەم

کراسەکەم

شارەکەم

شارەکەم تەنگ دەبێتەوە لە کچێکا

کچێک بێ پەردەیە وەک ژیان و

ئەم مردنە بێتاقەتم ئەکا

من بێتاقەتی خۆمم:

لە بڵندگۆیەکەوە گوێی لێ بگرم

لە ڕۆژنامەیەکدا بیخوێنمەوە

بێتاقەتی خۆمم          کۆبانێ بێنێتەوە خیابانەکانی ئەم شارە و

کابرایەکی ئەوێیی پێم بڵێ:

شما لاغرین غذاتون رو بخورین کاری به زندانیا نداشته باشین

شما شاعرین کاری به کوبانی نداشته باشین

پێم بڵێ:

همین جایی که تو نشسته‌ای خیلی های دیگه هم نشستن!

کاری بە روسری تو خیابونا نداشتە باشین

من بێتاقەتم ئەو هەموو شتە داشتە باشم و

هاوڕێکانم لە کونجێکی شەوانەدا کۆوەکەم

ڕەنگەکانی بەرم بپژێنمە کۆڵانەکانی ئەم شارە
من بێتاقەتی تەواوی بوونمم

ئەم مردنە بێتاقەتم ئەکا و

من ماندووم لە مردن

پاڵ بە خۆمەوە بدەم

خۆم تابلۆ بکەم

پاڵ بە تابلۆوە بدەم

کە لە مردن خۆشتر          مەگەر ژیان

...

دوکتور ئەڵێ، ئەبێ خۆم بگۆڕم

وەک تۆ کە کراسەکەت

ئەڵێ:

ڕۆماتیسم دەردێکە ناتوانی پاڵ کەوی بۆ سوکنایی

ناتوانی پاڵ کەوی بۆ تەنیایی

ناتوانی پاڵ بە زەوییەوە بنێی

ئەڵێ ڕفیقەکانت بگۆڕە

ئەڵێ:

ڕوانینت

بیرۆکەت

ڕۆماتیسمت

هەموو دەردن

کتێبەکانت هەندێ قورسی پان و درێژن لەمەودوا

له سەر وەختا بیانخۆی

له سەر وەختا بیر له ژیان نەکەیتەوە

ئەڵێ: ئێسترس بێدارییەکە        دیازپام مەگەر بتخەوێ

سەفەرێ کە ڕۆشتی        مەگەر خوا بتهێنێتەوە

مەگەر خوا چەن کەسی هێناوەتەوە دوکتور؟!

مەگەر خوا بۆ نەیهێشت بڕۆین؟!

مەگەر خوا لە کوێی ئەم زەوییە قەحبەیە ڕاوەستاوە؟!

مەگەر خوا مەگەر نەبوو؟

دوکتور ئەڵێ لەمەوبەدوا:

بەجێی ناوی هاوڕێکانت

لەجێی ناوی کچە ڕفیقکەت

بانگم بکە: دوکتور

بەجێی ناوی دایکت

بەجێی باوکت        : دوکتور بگەرە فریام

"ئەممان دوکتۆۆیۆر

عەمرم چاوم دوکتور

دەردم چارەکەەییە"

قازییەکانی ئەم شارە لە خەلافکارەکانی خەلافترن

بۆ کویێم ئەنووسی دوکتور؟!

من رۆماتیسمێکمە ئەم خەڵکە هەزار جۆرە ئالزایمر

ئالزایمری گرانی
شۆڕشەکانیان
سندوقەکانی دەنگدانیان

ئەمانە خۆشەویستەکانی خۆیان ناناسنەوە دوکتور

سا دەوایەک بۆ مێژوو کە ئالزایمری خیانەت و درۆی گرتووە

دوکتور ئەڵێ: لە ئاوارەیی حەسەن زیرەک گەڕێ و
دەست لە شمشاڵەکەی قالەمەڕە بەردە و

لە جێی ناوی ئەو کچەی خیانەتی بە وشە کرد

ناوی من بهێنە ئەی نەخۆش

ئەی ئەو نەخۆشەی کە ژیانت دڵقێک دەوایە بە دەستەوە

ئەی ئەو نەخۆشەی بەدوای خولەکێک سوکناییا

سەرتاسەری ئەم گۆی زەوییە

ڕۆماتیسم ڕۆشتی

ژێنێتیکە ڕۆماتیسم وەک ڕەنگی چاو

بۆنی خەم
هەژاری و نەداری

وەک باڵابەرزییەکەی باوکم

بریا ژێنێتیکی من ئاپارتمان بوایە دوکتور

زۆر بنووسە!

بنووسە ئەم کوڕە ویتامین Dی کەمە

کەلسیۆمی کەمە

پارەی کەمە

بنووسە کەمی هێناوە لە تەمەنیا

بنووسە سفرەکەمان چکۆلەیە بۆ شەش نەفەر

بنووسە ویتامینی جێهێشتنم زۆرە

بنووسە قاچی درێژ و چاوی تیژە

پێیان بڵێ نەختێ دەنگم کەم کەن و

لووتم درێژ

چ خۆشە کاریکاتۆر بی دوکتور!

خەجاڵەت خۆم میراتی ئێمە خەمە و

میراتی ئێمە دەردە و

تێفکرین

خەجاڵەت خۆم دنیای ئێمە لە ڕۆمانێکی شەوانەی ئامریکای لاتینا

ناتوانێ سوار ماشین بێت و

ئەبێ پیادە ئەم نووسراوانە تەی کەین

پیادە کات و

پیادە حەز و

تاسە

تەی کەین

دوکتور ئەڵێ ڕۆماتیسم دەردێکە پیادە تەی ئەکرێ

دنیای ئێمە دنیای پیادەڕەو

دنیای جێهێشتن و سەفەر

دنیای ئێمە شیعرێکە لە زەینمانا

شەرابێکە لە دەممانا

وێنەیەکە بە دیواری ژوورێکەوە تیژ، وەک چەقۆ

کامە حوببت بە ژوورەکەما هەڵواسم دوکتور؟

شینەکانت بە جێی زەریاکانم بخۆمەوە

سوورەکانت بۆ شۆڕشم

بۆ من کە هەمیشە پڕم لە شەڕ و ئاژاوە

ئەم قورسانە ڕەنگێکیان کەمە دوکتور

...

من ناتوانم ڕۆیشتبێتم    که هەڵئەکەوم لە ناوی مەریوان

که هەڵئەکەوم لە ناوی کچێکا

هەڵئەکەوم لە خەوتنەکانی خۆم دوای شەراب
دوای شار

که بەرپێی من ڕابردووە

که ڕابردووە لە دەستما دەنووسێت
لە قاچما دەڕوات
لە چاوما دەڕوانێت

که من هەناسەی ڕابردووم

که ڕابردوو منە

که من شارم

کۆڵانەکانی کاتژمێر دووی نیوەشەوم

نرکە نرکی کچێکم لە کاتی جووت بوونا
کە من هیوایەکی بەدی‌نەهاتووی باوکمم

کەوشی لەپێکراوی مێژووی ئەم شارەم

کە من جادە پێچاوییەکەی سنەـ مەریوانم

ماڵئاوا تەمەنی من لە ڕێگای زرێبار

ماڵئاوا منی پشت تریبوونەکانی ئەم شارە

شاملووی فارسی لە ژوورەکەما

من بە شاعیرێکی ترەوە دێمەوە

دێمەوە بڵێم:

من بە مەریوانەوە دام لە ئاوی یوونان
مەریوانم بردە ئاڵمان
مەریوانم بردە دیسکۆکانی تورکیە
من لە کەمپێکا لەگەڵ مەریوانا خەوتم
لەگەڵ مەریوانا خواردم
من مەریوانم دەیەشا، کاتێ ژنێکی چاوکەوە پێی وتم:

" Woher kommen sie?"*

* ڕستەیەکی ئاڵمانییە؛ یانی: ئێوە لە کوێوە هاتوون؟(خەڵکی کام وڵاتن؟)

من لە وڵاتی تەنیاییيەوە هاتووم خاتوونی باڵابەرز

من لە وڵاتی شێرکۆ و حاجی قادر و نالییەوە هاتووم

مەریوان لە پارکی "کۆنستابلەواغە"**، دەنگی ڕەش

دەنگی سپی

دەنگی سەوز

زەرد

دەنگی تەنیایی غوربەتی بیست

مەریوان لەوێ گوێی لە دەنگی خۆی گرت

لەوێ، مۆسیقای ڕۆمانیا لە دەنگی ژنێکا بوو

ئێواران پارە بە غوربەتی بدەن

مۆسیقای زیرەکیش لە منا بوو

شیعری شێرکۆ لە منا بوو      هەوای غوربەتی ئەخوارد

بەخێربێیتەوە منی ماندوو لە شاعیری کافەکتیب

منی ماندوو لە ژمارە

وەک ژمارەی بەرەی شیعر و

ژمارەی تەمەن و تەنیایی

** konstablerwache ناوی پارکێکە لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان

بەخێربێیتەوە ئەو منەی ئەدەبیاتی کوردیت تیا ئێش ئەکات
ئەو منەی چێشتی کوردیت          غوربەتێکە بیخـۆی

پانتۆڵی کوردیت      غوربەتێکە لە پێی کەی

ئەو منەی، جنێوی کوردی

سیاسی کاری کوردی

ئابڕووی کوردیت تیا ئێش ئەکات

ماڵئاوا ئەو ئابڕووەی باوکم پێی وایە بە هاتنەوەم چووی

من مەریوان دێنمەوە مەریوان

من هەمیشە کاتێ قاچەکانم دەوەستن، دەستەکانم دەڕۆن. زمانم حەزی لە باسکردن لەو شوێنانەیە کە قاچەکانم دەیبەن؛ بەڵام فریای وتنەوەی بە هیچ کەس ناکەوێت. تا دێت بۆ کەسێکی بگێڕێتەوە قاچەکانم لەو کەسە تێپەڕ دەبن. زمانم تامەزرۆی گێڕانەوەیەکە قورس.

سێبەرێک کە فریا ناکەوێت خۆی بگەیەنێتە هەنووکەم؛ سێبەرێک کە هەمیشە لە ڕابردووم ئەچێ و هەنووکەم حەسرەتێکە بەسەر دڵیەوە؛ سێبەرێک کە زۆرتر لە قاچەکانم لە من دەچێت. قاچەکانم وایان لێ کردووم تەنها فریای بینینی شتەکان بکەوم و بەس. پێم دەڵێن مافی چێژ بردن لە کارئایی هیچ کام لە ئەندامانی دیکەی لەشتت نییە: چێژ بردن لە دەم، بۆ گێڕانەوە؛ لە دەست بۆ نووسینەوە؛ تەنها دەبێ چێژ لە تێپەڕاندنی شتەکان و کەسەکان ببەیت، هەتا وات لێ دێ شتێ لە تۆ نامێنێتەوە و ئەوەی لە تۆدا ماوەتەوە وێنەیەکی زەبەلاحە لە شوێنەکان و کەسەکانی دیکە؛ کۆمەڵێک حەز و تاسەیە لە دەروونتا، کە لە ئەبەدییەت بەهرەمەندیان دەکەیت، بەهرەمەندی نەهاتنەدی. تاکوو پڕ دەبیت لە خەڵکانی دەوروبەرت و لە کووچە و کۆڵانی ئەم

شارە؛ تاکوو دەبیتە ڕابردووی خەڵکی و هاوڕێکانت؛ پڕ دەبی لە جێهێشتن و ڕۆیشتن.

قاچەکانم تەنها کاتێ دەوەستن کە بیانەوێ زۆرداریی خۆیان بە دەستەکانم نیشان بدەن؛ پێیان بڵێن فەرموو بنووسە، بەڵام ئەوەی دەینووسی بە ئیزنی وەستانی ئێمەیە و هی ئێمەشە، ئەوەی دەینووسی هیچی هی تۆ نییە. قاچەکانم بەدیار مردنەکانی دەوروبەر و بەدیار ئێش و ناڵەی خەڵکیشەوە ڕاناوەستن؛ ئەوەندە دێن و دەڕۆن تا ئیدی کەس نایانبینێت و تا ئیدی لە ژیانی چ کەس و چ شتێکا نامێنمەوە، بۆ ئەوەی ببمە بیرەوەری و وردە وردە دەڵێی نەبووبێتم؛ وردە وردە وام لێ دێت کە تەنها منم کە بیرەوەری و شوێنەکان لە خۆمدا هەڵدەگرم و هیچ کەس و شوێنێک، من لە خۆیاندا هەڵناگرن.

ترسێنەرە، قاچەکانت هێند توند بڕۆن، دەرفەتی نووسین بە دەست و، دەرفەتی گێڕانەوە بە زمانت نەدەن. ترسێنەرە وات لێ بکەن کەس هەست بە بوونت نەکا، لە کاتێکدا ئەو هەموو کەس و شوێن و ڕێگایە لە تۆدا بن.

# دراوسیٚ

بڕیار بوو دراوسێ ببێتە کۆمەڵە شیعرێک و بەردەوام درێژەی ببێ و ئاوا بە ئاسانی تەواو نەبێ. ئاوا بە ئاسانی لە دراوسێیەتی نەکەوێ. بەڵام ئێستا کۆڵانێک لە نێوان من و دراوسێدا نەماوە و دراوسێیەتیی ئێمە لە شار(مەکان)ەوە گوازراوەتەوە بۆ دراوسێیەتیی زەمان؛ بۆیە ئەم چەن شیعرەی دراوسێم لێرە دانا، تاکوو بزانین داهاتوو بە کوێ دەگات؛ هەرچەن دراوسێ وەک خەرمانەیەک بەدەوری زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەم کتێبەدا دیارە و زۆرجار کە ئەم شیعرانە دەخوێنمەوە، زیاتر لەوەی خۆم ببینم ئەو دەبینم لە مندا جێگەی پێ چۆڵ کردووم و پڕی کردووم لە خۆی، بە بوون و نەبوونیەوە. ڕەنگە دراوسێ وەک سونبولی خۆشەویستیی من لە شارا کەوتبێ و کۆڵانەکەشم داڕووخابێ. زۆر ڕوون نییە. نازانم لە داهاتووی دوور یان نزیک، دراوسێ لە مانای خۆی خاڵی دەبێتەوە یان نا. ئەوەی هەیە کاتە و ئێمەش بە هەموو مانا و بایەخەکانمانەوە لە ناویا دێین و دەچین.

...

هەڵدێی لە مندا

وەک ئەو ڕۆژەی خۆر لە ئاسمانەوە هەڵدێ

چ بێمانایە: شەوی بێ مانگ

کێوی بێ دەوەن و

منی بێ تۆ

ئەی دیواری هەناسەم

ترسمە

بەرگەی ڕووخانیماڵەکانی دەروون نەگری

چۆن ئەتوانم بتچێنم؟!

من كە خۆم پڕم لە هەڵوەرين

يان داتگيرسێنم

من كە خۆم لە دامركانەوە هاتووم

ترسمە لە شووشەكانى لەشتەوە

ديسان ورد و خاش بم و

ئيمانم بە ژمارەكانەوە جێ بمێنێ

ئەو ژمارانەی پڕن لە عادەتی مردن و

لە وەڕەس بوونی ڕەنگەكان

كاتێ بە گوڵێكەوە ئەژاكێن.

وەرە، لەم زەوييە لەعنەتييە

تاوێک بير لە بوومەلەرزە مەكەوە

ئەی چەتری ژێر باران!

تكايە تا كۆتايی بمێنەوە.

...

کات باش دراوسێ!

ئێرە بارانە بە کاتی قەتیس بوون

ئێرە بێتۆییە بە کاتی دڵتەنگی

ئێرە هیچ نییە، جگە لە لاژەلاژی تەنیایی و

جگە لە هێرشی تەمەن و

سەرهەڵدانی نەمانی تۆ

ئێوارە باش دراوسێ!

ئێوارە باش و، ئاوێنە باش

من ئاوێنە بووم دراوسێ

تۆ نەتتوانی ڕوخساری خۆت ببینی

من پیاسە بووم و

تۆ ماندوو بووی لە پاییز

ماندوو بووی

ئەتزانی سەرەنجامی ئاو بوونت

یاس ئەبێ لە زەریا و

سەرەنجامی فڕینت

یاس لە کۆتری

من ئەزانم کۆتایی تۆ لە منا دەستی پێ کردووە و

گلەیی بێ دراوسێ!

بۆ ئەو مەودایەی بە هیچ پیاسەیەک پڕ نابێتەوە

گلەیی بێ لە ئاسمان،

کە ناڕووخێ بەسەرما

گلەیی بێ لە جگەرە،

کە نامخنکێنێ.

دراوسێ! بیکە بە خاتر زریبار!

بیکە بە خاتر ئێوارە!

ئاوا نەبوونت مەڕژێنە بەسەرما

بیکە بە خاتر ئەم کۆڵانە!

خۆت مەخەرە ئەبەدییەتی کۆچەوە

خۆت مەخەرە هەرەسی کات

پەراوێزی شار لە تۆدا گیرە و

منم کە هەرەسم هێناوە دراوسێ

منم کە هەرەسم هێناوە

...

غوربەت ئەمخوا

بۆ کوێ دەچی ئەی سەفەری هەمیشەیی؟!

بەرگەی مەرحەبایی ئەم تەنیاییە ناگرم

بەرگە ناگرم جارێکی تر لە دەستی پاییز بەر ببمەوە

کوا من بەشی بارینێکی تر، بتوانم نەخنکێم؟

نەبوونت ئەمخوا

بۆ کوێ دەچی ئەی بونبەستی هەمیشەییم؟!

ماڵئاوا پەنجەرە!

من دیوارێکم تا سبەینێی ئەم تەمەنە ئاجۆرییە.

سڵاو، ئەی ئەو سەرەنجامەی کە ڕووخانێکی هەمیشەییە

سڵاو ئەی وەیلانی

**"دراوسێ" بریا بمتوانیبا پێناسەیەکی تر بۆ کۆڵان بدۆزمەوە**

بێزارم لە بارینی خۆم

کاتێ تۆ بۆ ڕووان نەهاتبێتی و

من خەریکی کاوێژی خۆمم

بۆ پەنجەرەیە کە بە ڕوومدا بەسراوی

بەردەوام، ڕۆیشتنت منی گریێیەکە کراوە

تەنافێکە،

بمکێشە تا ئەقرتێی.

من نەهاتنتم بەم دیوارەدا داکوتاوە و

دیوارێکم لێ مردووە        تا نەبوونت بەرز

من لە بەرزی ئەترسم و

تۆ بە ئێوارەیەکەوە داتخستم

ئێوارەیەک شەرابی،

کە من لە مەستیتدا کوژرام.

ئێستاش دووپاتکەرەوەی مردنی خۆمم

گۆڕێکم لە نەبوونت

مەرگێک قەرزارم و

خەریکم سواڵت ئەکەم.

دراوسێ، تۆ کە هەمیشە ڕۆیشتنی

مەحاڵە نەبوونی خۆت ببیستی.

لە پێکەنینی بچووکی منا

دەمی تۆ گەورەیە وەک ئەشکەوت و

چاوێک نییە بمگرێ و

تۆ لە سیمای ژیان تێناگەی

تۆ کە سەرتاپات بیابانە

مەحاڵە بتوانی لە درەختەوە بڕوانی

دراوسێ، کۆڵانە و ئەرژێ بەسەرما

دراوسێ بەم کۆڵانە قەسەم

من ئیتر یاسم لەوەی کەسێک بچنم بۆ دیوار و

بڕووخێ بەسەرما

تووڕەترم لەوەی لە کاغەزێکا بدڕێم لە دەستا

تووڕەترم لەوەی بە تفێکیش بتوانم خاوێنت کەم

بەسە ئیتر!

واز لە نەهاتنت بێنە و

نەختێک حورمەتی ئەم کۆڵانە ڕاگرە

**"دراوسێ" ئەتوانێ جەللادێک بێت و خۆی لە کەسێکدا بکوژێ**
**بۆ ئەوەی لە کەسێکی تریشدا دیسان لەدایک بێتەوە**

دراوسێ! لە تاریکی شەوێکدا

تۆ بەتەما بی تەلەفوون نەختێک درەنگ بخەوێ و

دەنگی من لێرەوە بمرێ

لێرەوە متمانەی من بە ئاو

بە گەڵا

بە بوون

مردن ببەخشێ

من دوودڵ بم لەوەی

ئەم کۆڵانە کاڵ بنوێنێ و

بە پرسیارێکا هەڵتواسم و

ئەم وشانە برژێنم بەسەرتا

لە سەرەتای هەناسەما، گەرووم تن کەی

دراوسێ، من ئەتوانم هەر لەم شیعرەدا بتنێژم و

لە کۆتاییی خۆزگەتا، با ئەتبات و

من ئاسمانم بۆ داناخرێ

**"دراوسێ" "ئەتوانێ خۆی ببێتە کۆڵان و کۆڵان ببێتە جادە و جادەیش هەمیشە سەفەر**

من نازانم ئەم هەموو کۆتاییيە

بۆ لە سەرەتای ئەم کۆڵانەدا ڕاوەستاون

دراوسێ، چۆن پێوەت دەم

ئەو کاتەی پەنجەرە بم و نەشکێم؟

بەم هەموو چەترەوە

هێشتا "تۆ"م تەڕە و

منی ماسی

بۆ زەریاییت نابینم؟

لە کویێتەوە تەواو بم، بۆ دەست پێ کردنەوەی مردن و

دراوسێ، من کە مەرگێک قەرزار بم

ئەم هەموو گۆڕەت لە چییە؟

من سەفەرم دیوارێکە داڕووخاو

پەنجەیەکە

ناوێرێ دەست لە خۆیشی بدات

دراوسێ، ئێرە کۆتاییە و

منی "قاوە" برژێنە

منی ساردەوە بوو بەدەم وەنەوزی شانۆیەکتەوە.

لێرەوە منی دەق ئەمرم و

ئەی کارەکتەری بەناوبانگ لێرەوە...

دراوسێ منی جگەرە

لێرەوە بۆ نەقوژێمەوە؟!

چش لەوەی نەتوانم وردەشووشەکانی خۆم

لەم کۆڵانەدا کۆ بکەمەوە!

چش لەوەی نەتوانم

ڕەنگی مردنی خۆم

بەسەر ئاسمانی ئەم کۆڵانەوە ببینم

من کە وێنەیەکم لەو کاتەی پێکەوە نەبووین

تا تۆ ئاسوودە تماشام بکەیت

ئاسوودە بە منی تابلۆوە ناوی ئەم کۆڵانە بنووسیت

بنووسە ئاخری ئەم کۆڵانە کابرایەکی بونبەستە

کرێنشینی پاییزی ئێرەیە

# سلاو پاییز!

...

برۆ باران

من بۆ ڕووان نەهاتووم

برۆ درگا

من بۆ پێوەدان

لە پاییزا هەمیشە بەشێک هەیە ئەبێ هەڵوەرێ

لە دیوارا هەمیشە بەشێک هەیە ئەبێ ڕاوەستێ

هەمیشە بەشێک هەیە ئەبێ دڵتەنگ بێ

بێتاقەت بە ئاو

کە لە زاری کەسێک ناکەوێ

بێتاقەت بە بەفر

که لە سەرشانی نانیشی

بێتاقەت بە من

بەرد، گۆڕی هەموو وتنێکە

پەپوولە، گۆڕی هەموو تیشکێک

دیوار هەموو ڕۆیشتنێک

من هەموو نەبوونی کەسێک

لە دەستی دەرچوو باران

لە دەستی دەرچوو هەتاو

لە دەستی دەرچوو زەوی

مردنی من ببینێت

...

بنووسە ئەم شاعیرە لە وشە ئەترسێ

وەک نەققاشێک لە ڕەنگ

بنووسە دوکتور

بنووسە دایکم حەساسە بە پنی سیلین و منیش بە تەنیایی

بنووسە کۆتایە دیوار و درێژە مردن

بنووسە جەنابی قازی بنووسە

بنووسە جەنابی جوغرافیا

جەنابی ئاو

جەنابی تەنیایی

## "بۆ خۆم و دوانی تر"

ئێمە هەمیشە هەین

ئێمە هەمیشە نین

پێبکەنە بە هەتاو        کە نەیتوانی زەردمان بکا

بە هەڵمەتی غەرەز

بە دیواری مەرەزیان        پێبکەنە

ڕوخسارێکین        تەماشاتان گوێزینەوە

بزەیەکین بە لێوی کاتەوە

بە پەنجەی باران

سەرگەردانە پاییز لە بوونمان و

ڕەنجیش لە ورە

خۆزگەمان دیتنی شاخ لە شار و

خۆزگەمان پیاسەیەکە بە لارەلاری تەمەنمانەوە داکەوتووە

ترسمە دواجار

هەر حەسرەت بمانووسێتەوە

هەر کات بمانخوێنێتەوە

گەرچی ئێمە هەر لە باوەشی ئەوینێکدا دەمرین

...

خێر هاتی ترس

مەرگ

خێر هاتی ژیانی نەکراوەم

با دەست لە شەکانەوەی خۆی دەدات

بەفر دەست لە سەرما و

منیش لە مردنی خۆم

زوو تەواو بوو بوونت

وەک پەلە داکردنی باران

وەک خێرایی مردنی من

درەنگ کەوتم ئەی یار

وەک پاییز لە هاتنی درەنگ کەوێت

دایکێک لە گریان

من لە بوونت درەنگ کەوتم

شەو لە تاریکیی خۆی دەڕوانێ و

نەبوونی تۆ لە من

کە مردنم قەرزارە ژیان

...

سەرهەڵدەدەم

وەک حەز کە لە منداڵێکدا سەرهەڵدەدا

وەک گریانی دوای مەرگێک

من لە تەنیاییدا سەرهەڵدەدەم

بێسەرەنجامە داکردنی باران

هەڵکردنی با و

بوونی منیش

من ناتوانم دوای ڕۆیشتنی کات بگرم

وەک باران کە دوای ڕووانی بۆ ناگیرێ

ئاوێنە کە بەر بە ڕوانینی پێ ناگیرێ

بەدوای نەمرییا گەڕام

وەک تابلۆی سەر کۆڵانێک

بۆقی ماشینێک بۆ موسافیر

وەک پەلکوتانی کۆتر بۆ لانەکەی

هەوڵی شەهیدێک بۆ مەرگەکەی

سەرهەڵبدە نەبوونی من

وەک دەنگ کە لە بێدەنگیدا سەرهەڵدەدا

ڕەنگ کە لە بینیندا

وەک سەرهەڵدانی مەرگ لە ژیانا

من جێگۆڕکێی ڕەنگەکانم

جێگۆڕکێی زەمان و شوێنەکان

...

شێوەی گومانی هەتاوم لە سێبەر

گومانی دەنگ، لە مۆسیقا

شێوەی پرسیارێکم لە شۆڕش

لە خیابان

شێوەی سەرگەردانی

من پرسیاری هەڵەبجە

پرسیاری سەردەشتم لە کیمیایی

فڕین لە کۆترەکەی بەجێما

بزمار لە داکوتین

منیش لە مردن

من شارم و سەرگەردانیی شاخم لە خۆمدا هەڵگرتووە

من ڕەنگم و دەسەڵاتی ڕوانینم

کێفم و دەسەڵاتی ڕاوەستان

من سەربازێکم لە شەڕ هەڵدێم

وەک هەڵهاتنی ئاگر لە سووتان

بارین لە باران

دیوار لە ڕووخان

من تفم بە ئاوێنەیەکەوە بیسڕن

بیرەوەریم، بە شەهیدێکەوە یادی بکەن

ناونیتکەی شەڕم، بە سەرکردەیەکی بڵێن

ناشاردرێتەوە غەرەزی من لە خوێن

وەک شاردنەوەی ترس لە منداڵێکدا

چاوەڕوانی لە دایکێکدا

...

من بام

كە قژت نەبوو بیلاوێنمەوە

بۆچی هەڵکەم ئەی یار؟

من دیوارم

کە ڕوخسارت نەبوو بە خۆمدا هەڵیواسم

بۆ نەڕووخێم ئەی یار؟

پژاو وەک گەڵای پاییز

سەرگەردان وەک باران

بباریَ ئەی بیابان

کە درەختم بۆ نانووسرێتەوە

بباریَ ئەی مەرگ

کە ژیانم بۆ ناکێشرێتەوە

ناکێشرێتەوە دڵتەنگی

ناکێشرێتەوە هاوار

ناکێشرێتەوە بوون و نەبوونی کەسەکان

بنووسە ناخوێندرێتەوە دەنگی ئاو

نابیندرێت هەناسەی کات

بنووسە نابیستریَ داچوونی هەتاو

بڵیَ کۆڵانێکم بونبەستە مەعنا

بڵیَ کچیکم قەرزارە ژیان

بنووسە ئەی یار

بنەمای چۆلەکەیە جریوە

بنەمای گیا ڕووان و

بنەمای مرۆڤە تەنیایی

حەسرەتە بەرد کە ناتوانێ دەنگ هەڵبڕێ

حەسرەتە شووشە کە ناتوانێ بڕژێ

یان کات کە ناتوانێ بوەستێ

من شاراوەم وەک فرمێسکی تۆ

من ئاشکرام وەک کچیەتیت

...

من دابڕانی بەردم لە بێدەنگی

دابڕانی شیعر لە شاعیر و

دابڕانی شارم لە شەوقی بوون

حەزی هەموو سەربازەکانی بەرەی شەڕم

حەزی هەموو چاوەڕوانییەکی دایکانەم

چیرۆکی هەڵفڕینم، ئەو کاتەی کۆترێک ئەمرێت

چیرۆکی گەڕانەوە، کە سەفەر دەست پێ دەکات

حەسرەتی دەستێک کە بۆ ماڵئاوایی درێژە و

چ کەڵکی هەیە گوێ دابەزێ لە بیستن

موسافر لە ڕۆیشتن و

منیش لە مردن؟

بنوو ئەی دار

ئەی شار

بنوو ئەی بوون

لە منا وچانێک لێ بدە

چەقۆ لە بوون و نەبوونی خۆم بدەم

لە دەمی باران

چەقۆ بە دیوارێکا بساوم کە تەمەنمە و

ژمارەکانیش گەورە دەبن

حەسرەتەکان و

دابڕانەکانیش

نابینرێ گریانی گوڵ

خەوتنی ئەستێرە و

پێکەنینی مانگ

گوێم لێ بگرە ئەی مەرگی من

گوێم لێ بگرە کە بارانم

کە کۆڵانم و هەموو جێهێشتنێک

کە خوێنم و هەواڵی هەموو جەنگێک

من دڵتەنگیم و هەموو ئەوینەکانیش

ئاسمانم و هەموو فڕینەکان

پێکەنینم و گریانەکانیش

من هەموو بوون و نەبوونم

...

من شێوەی مردنی خۆمم

شێوەی شەقامەکانی ئێرە و

دز و حیزەی ئێوارانی و

من شێوەی گۆڕستانەکانی ئێرە

کە پەناگەی سورەنگن و تریاک

ترسی باوکم

کە چارەنووسی لە قورسێکا نووسراوە

سامانی نەتەوایەتیم

مەرگی ئێوەم

دەفەرموون بمفرۆشن

دڵەخورپەی کچێم دوای ناونیتکە

کە لە پیاسەی ئەم شارەدا مەتەڵەک هەڵڕێژراوە

لە پیاسەی ئەم شارەدا: وەزنی دەقیییق

لە پیاسەی ئەم شارەدا: سی دی سی دی

ئەوەی پێویستە تاڵان کا، لە پیاسەی ئەم شارەدا

لەم شارەدا ئەوەی پێویست نییە بۆ ژیان ڕاستگۆییە

من دراوسێکەمان TVیەکەی سورەنگێکە

ئێواران لە دەماری بدات

من دراوسێکەمان قاڵییەکەی

منداڵەکەی

سورەنەگێکە

کە هەرزان کەوتووە خیانەت

سپاس دز و بەلاڕێبەرەکانی ژیان:

ئەوەتا ئێمە لار بوویین

ئەوەتا ئێمە هار بوویین

ئەوەتا ئێمە ئێوەین

سپاس بۆ قورس و حەشیش و جگەرەتان
بۆ جەردەیی و هەڵخڵەتان
کە هیوای بەدی نەهاتووی باوکمانین
ژیانین

بەخێر بێی شار
من مەرگی تۆم

دەست خۆشی لە کۆڵان و کافی شاپی ئەم شارە
کە دامان شارن لە خۆیانا
کە ئێرە هەر بۆ داشارین باشە و
ئەوەی ڕووتە مەرگی منە و مرۆڤایەتی
کە سەرما بخوات ژیان
کە پارە

که ژیان بخوات ژیان

من دروشمی شاخ بووم

که له شارا دەمرم

که ڕاپەڕین له مەرگی منەوە دەست پێ دەکات

...

من مەرگم و سڵاوی ژیان ئەگەیەنم

هەڵوەرینم و سڵاوی پاییز

سڵاو بکە پاییزی من

دەستێک بەسەر هەڵوەرینی دیسانەوەتا بکێشە

سڵاو بکە کاتی لەدەست چوو

دەستێک بەسەر تەمەنی پیریتا بهێنە

دڵپڕە با

کە شوێنێکی نییە تیا بوەستێ

دڵتەنگە من

کە شوێنێکی نییە تیا نەمرێ

کە ئاو نامێنێ، من تینوێتیم

کە نان نامێنێ، من برسیەتی و

کە ژیان نەما من مەرگم

من بە زمانی بەرد قسە دەکەم

کە پڕە لە بێدەنگی

بە زمانی دیوار

کە پڕە لە ئاجۆر

من زمانی پاییزم پێیە

زمانی سەفەر و هەموو جێهێشتنەکان

...

من ئەمەتام: سرووەدی خاک

کە بۆ مردوویەکی دەخوێنێت

سرووەدی نەبوونی تۆ

من ئەمەتام: دەنگی مردن

مەرحەبا تاریکی

مەرحەبا شەو

مەرحەبا تەنیایی

جادەم و دەرگیری سەفەر

درگام و پێوەدان

ژیانم و دەرگیری مردن

بێدار بمێنەوە بەفر

بێدار بمێنەوە پەنجەرە

دڵتەنگی لێرەیە

کە تیرۆر ناکرێ با

کە نابینایە کات

کە سەرهەڵدانی نەبوونی تۆیە و

من دەستم بە ژیان ناگات

...

وەک چۆن پاییز بە گەڵا نانووسرێتەوە

ژیان بە مردن

نانووسرێتەوە دایکیش بە فرمێسک

من دایکم هەموو هەواڵی مەرگێک دەژی

من دایکم هەموو ئاخەکان دەمرێ

من دایکم ئەتوانێ خەمێک بێت لە تەسادفێکدا ڕوو بدات

ئەتوانێ ئاخێک بێت ڕوو لە جگەرەکەی من و

من دایکم ئەتوانێ بێدارییەک بێت لە نەهاتنەوەی نیوەشەوانم

له دایکا دەژی ئاخ

له دایکا دەژی ترس

هەموو هەواڵی نەگەڕانەوەیەکیش

له منا دەژی مەترسی

گوێنەدان و

هەموو بۆڵەی ئازادانەیەک

گوناحی کۆتر ئەوەیه که کۆتره و

گوناحی هەژار هەژارییه و

گوناحی دایکیشه که دایکه

دایکم که کەمخۆرییه له برسیەتیمان

که بۆڵەیه له سەرمامان و

قەناعەته له دەستکورتیی باوکمان

که کوێرم چاومە و

که کەڕم گوێمە و

که بێکۆتم کۆتمە و

دایکم دەبێتە هەموو شتێک بۆ من و

نابێتە هیچ بۆ خۆی

دایک دەبێتە خەم

دەبێتە چاوەڕوانی و

دەبێتە دایک

...

نەخۆشم ئەی یار!

نەخۆشە دیوار کە داکوتێ وێنەیەک بە خۆیا

نەخۆشە پەنجەرە کە چاوەڕوان دانیشێ کەسێک لە بەریا

نەخۆشە باران کە پیاسە بکا کەسێک لە ژێریا

نەخۆشم ئەی یار!

ناقوژێتەوە مانگ

ناوەستێ نەبوونت

بڵندە باڵای تاریکی

درێژە قژت و درێژە دڵتەنگیم

بۆنخۆشە قژت و بۆگەنە تەنیاییم

با هەوا بخوات ژیان

با هەناسە بکێشێ زەمان

درەنگە چاوەڕوانی بم

درەنگە نەهاتنی سێبەر

ڕاوەستانی با و

درەنگە نەهاتنی پاییز بم لە پاییزا

سەرما لە بەفرا دانیشتووە و

مردن لە ژیانا

منیش لە تۆدا ئەی یار

...

سەربەرزە پاییز

کە لە وەرزێکی ترا نەبێ نارِوێ

سەربەرزە من

کە لە مردنی خۆی نەبێ ناژی

وەک تۆ، کە منداڵی براکەت

وەک تۆ، کە ماچی یارەکەت

وەک تۆ، کە سواریی ماشینەکەت

من مەرگی خۆمم خۆش دەوێ

ئەی بەرد، کە بە بێدەنگیت دڵخۆشی

ئەی با، کە بە هەڵکردنت

من بە مردنم

کۆتایی دێت پاییز

کۆتایی دێت سەرما

گەرما

ژیانی منیش

کۆتایی نایەت سپیەتیی بەفر

زەردیی خۆر

سووریی خوێن

مردنی منیش

جادە بە ڕەنگی سەفەر دەژی

پەنجەرە بە ڕەنگی ڕوانین

من بە ڕەنگی دڵتەنگی

من هەموو پاییزێک حازرم هەڵوەرم

من هەموو بەردێک حازرم بێدەنگ بم

من هەموو ژیانێک حازرم بمرم

ئەی شەو، کە تاریکی

ئەی ڕۆژ، کە ڕووناکی

ئەی ئاو کە دەخنکێنی

ئاگر کە دەسووتێنی

من لە مردن بێباکم

...

به نان بلێن بێتە ئێرە

نەبوونی خۆی ببینێت

بە پارە بلێن

لە هەر شوێنێک ویژدان کوژرا

مەرگی لێیە

لە هەر شوێنێک خوێن ڕژا

زوڵم

من نەبوونی عەداڵەتم

ئەی چەک

کێ دەپێکی؟

من یاساشکێنم

جەنابی قازی

کە بکوژی نان لە یاساوە تەقە دەکا

من دەنگی مانوێتیم

جەنابی وچان

کە لەم شارە دەس ناکەویت

من نارەزایەتیم

جەنابی بێدەنگی

کە نوێنەریی دەنگیش دەکەیت

بێدەنگ بە شاری مردوو

بەڕێز شەرافەت ئەیەوێ بدوێ

بێدەنگ بە دەوڵەتی بێکڵاو

چەکی هەڵخلّەتاو

یاسای دزراو

من کۆماری هەستانەوەم

(پێشکەش بە هەموو کۆڵبەرە بەشمەینەتەکانی کوردستان)

# چەند دەقێکی بێتاقەت

...

دراوسێی دوورکەوتووی سەردەمی با، دراوسێی نەناسینم، نەناسراوم؛ کە ساڵگارمان بە هیچ و دنیایەک ئەگەڕەوە بەنە.

سڵاو دراوسێ... بمبوورە سڵاویشم ئاسایی نییە و لێرەوە زمانی نووسینم ئەگۆڕدرێ؛ لێرەوە ئەتوانی سەرت بلەقێنی و بەدەم داگیرسانی جگەرەتەوە تف بکەی لە من و لە ڕوومەتی با، کە بە هەواوە هەناسەم و دەمکێشی و نازانی ئەو حەوزەی کە نیتە لە حەوشەکەتان، چەند لە زەینی منا قووڵە.

پێم وتبووی دراوسێ! بە دراوسێیەتیمان قەسەم پێم وتبووی بەیانییەک ڕەنگە لە خەو هەستیت و ئەوەی دەستی لێ دەدەی نەبوونی من بێت؛ منی بێدەنگی سەر دۆشەکەکەت؛ منی پێکەنیاو بە بێمتمانەییت؛ منی ناهومێد لەو ماسییە کوژراوانەی حەوزە نەبووەکەت. دڵتەنگی متمانەتم کەسی سەر دۆشەکەکە. هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەزەلمانەوە دڵتەنگی متمانەتم. کە وەک میلی کاتژمێرێک تێم نەڕوانی و بەتەما نەبی لە کاتی خۆیا تەواوم کەی، بەتەما نەبی بگەمە کاتی دیاریکراو. من لە دەرەوەی زەمان داتنیشتووم. لە دەرەوەی

زەمان پیاسەت دەکەم و لە دەرەوەی زەمانیش دەتمرم و کەچی ڕەنگە بەیانییەک بێت و ترسی من لەو بەیانییەیە کە هەڵسیت و نەبوونم تێت بڕوانێ و تۆ تیزانگێکی تەقاو بی بە دەممەوە و من بە خولیای منداڵیمەوە هەر بات تێکەم. بڕوانەرە هیچ و تۆ کە پەلەقاژەی هیچتە، تۆ کە حەسێبی تووڕێک بۆ ماسییەکانی حەوزە نەبووەکەت ناکەیت، ئەم بێمتمانەییەت چما دراوسێ؟ ئێمە کە با هەڵی گرتووین و بە دارودیواری ژیانمان ئەکوتێت، ئێمە کە ئازای ئەناممان جێپەنجەی مەرگە، کە دەتوانین دنکە دنکەی هیچەکان بژمێرین، کە دەتوانین تێیان بڕوانین و ئەمەتا ژیانیشیان ئەکەین، ئیدی چ ترسێکتە کە من بە خەنجەری باوە هاتبێتم یان ئاوەدانیی باران دراوسێ؟

...

زۆزانی من، داگیرساوی ئەزموونی پڕ لە پووچیی مرۆڤ؛ زۆزانی من، هەنسکی تەنیایی و قاچی بڕاوەی سەفەرم؛ بۆ کوێ دەڕۆی؟ کە ئەو دیوی مردنیش بە تەنیایی هەڵچنرابێ. کە بیابانەکانی ئەو دیو ژیان ترسناکترن.((کانی د هەرکی... ئوو کاروان دچوو... ئوو کاروان دچوو...))

بیر دەکەمەوە زۆزانی من، لە پێکەنین و گریانی نیوەشەوێک کە لە تابلۆیەکی نەقاشیدا زیندوو بووین، لە مۆسیقایەکدا دەوترواینەوە، وەک گریانی ئێستام، کە لێرەدا دەخوێنرێتەوە. تێم بڕوانە! ئەوەتام بە دیواری ژوورەکەتەوە، سەرگەردانی ڕەسمی کردووم. ئەوەتام بە لێوانێکەوە، لە دەستتدا شکا و من جەستە پرژوبڵاوەکەی خۆمم کۆ کردەوە. گوێم لێ بگرە؛ ئەو دەنگەم کە لە بێدەنگیدا دەیبیستی. بۆنم بکە و لە گوڵدانی بەر پەنجەرەکەت ئاوم بدە. لە حەوشەتان، لە حەوشەتان تاسەمە قاچ هەڵێنم و دەست بۆ درەختەکانی ئەو دیو پەنجەرەکەت ببەم. من دەمدی زۆزانی من! لەم دیو شووشەوە تەنیاییە دڵشکاوەکەی حەوشەکەتم دەدی؛ هاتوچووی پشیلەکان، دەمپاییە پژراو و خۆڵگرتووەکان... بریا حەوزێکیشت دەبوو.

((کانی د هەرکی..)) کانیمان نەبوو ئێمە هەر بە مۆسیقا و هەر بە ڕوانین تینوێتیمان شکاند و لە سەردەمانی ڕابردوومان برسیتر بووین، تینووتر بووین.

دەزانم گیانەکەم دەزانم، چی ئازارە چۆن بە تەمەنمان شۆڕ بووەتەوە و جۆلانەی هەزار خۆزگە و ئاواتی نەبووین و جەستەمان وەک کوێستانی شەختەلێدراو، چۆناوچۆن گێڕ و ڕەق هەڵهاتووە. هەڵناگرێ تەمەن لە مەرگا کوڵ کەینەوە، وەک بۆ ژیانیش هەڵی نەگرت. ئێمە کە وێرانەیەکین لە ڕابردوو بەجێماو، کە ئاوێکین ڕۆژانە دەڕژێین، کە ژیان لە قوڕگی مەرگەوە هەڵنایەتەوە، وەک هەڵهاوردنەوەکانی دوای سکئێشەت. ژیان جێی فڕینێکی نەبوو، کوا ئاسمانی مردن جێگەی بێت؟ کە ئیتر مەرگ پارووە نانێکی تەمهەڵێناوە گیانەکەم.

...

شەق هەڵبە لە خۆت، لە خۆت کە بە سەنگفەرشی ئەم شارەوە گیری کردووە؛ شەق هەڵبە لە شار، کە بڕیار بوو لە ئاوێکا بمری، کە دڵتەنگی مردنتی. شەق لە مردنت هەڵبە؛ مردنت کە تۆی هێنایەوە ئێرە؛ تۆ کە دەستێک لە بوونت ناکەوێ.

بنووسە کە تۆ مردوویت و ئەمە لاشەی خۆتە بە شانتەوە. بنووسە ئەمە مردنتە کە دەڕوات. بنووسە خەریکی مردنی خۆتی و ئەم شارە گۆڕێکە بەشی هەموو گەڕانەوەیەک دەتکوژێ. بنووسە ئەم شارە دیوارێکی نەبوو غوربەتمی پیا هەڵواسم؛ شانێک نەبوو غوربەتم سەر بخاتە سەری. پیرۆزە دڵتەنگیت. پیرۆزە ئاوێک بیت کەس نەتخواتەوە. دەفەرموو ژیانێکم بۆ ناو ببە تفت نەکاتەوە؛ دەفەرموو کەس بە تامت ڕازی نییە و تۆ بوونێکی زۆرەملیت بەسەر ئەم شارەوە؛ کە ئیتر مردنی ئێرە بە تۆ ڕانایەت؛ ژیانی ئێرە و خەڵکی و خۆشەویستیی ئێرە ناتوانن بتناسنەوە.

پیرۆزە دڵتەنگیت! باش بنووزێنە ئەی من! بێدەنگ بمرە ئەی من! سازی مردنی تۆ بە گوێی ئەم خەڵکە ڕانەهاتووە. جوان

بنووزێنە ئەی من. سەد هێندەی تر خۆت بە کچی ئەم وڵاتەدا هەڵبواسی کەسیان کوڕیەتیی تۆیان ناوێ. شۆڕشی ئێرە، مردنتی ناوێ. سەد هێندەی تر لەش و لارت بساویتە گۆماوەکانی ئێرە، خۆت بساویتە شەقامەکانی ئەم شارە، تازە هیچ جێیە بۆنی تۆ ناگرێتە خۆی. تۆ بوونێکی زۆرەملیت. کەوایە بێدەنگ بنووزێنە ئەی من؛ پیرۆزە دڵتەنگیت ئەی من

ئەی من

ئەی من

ئەی من

ئەی من

ئەی من

ئەی من

...

مرۆڤێکی نوێ لە مندا سەرهەڵدەدات. مرۆڤێک دەمترسێنێ لە خۆی. مرۆڤێک لە من ناچێ و بڕیارە منیش بێ. مرۆڤێک لەمەودوا دەبێتە من و منیش دەبمە ئەو. نە خواردنی لە جێی خۆیە و نە خەوتنی. مرۆڤێک هیچ ناکا و هەمیشەش گرفتارە. بە دەیان کات بێدەنگ دادەنیشێ بێ ئەوەی کارێک بکا.. نە کتێب دەخوێنێ نە دەنووسێ نە دەخوات نە دەنوێ. مرۆڤێکە بکوژی کات و بکوژی خودی دەروونیشی. مرۆڤێک بێ مانا لە ژین و لە مردنیش. منی تازەم، نە دەژی و نە دەشمرێ. ئینسانێکم لە بۆشاییا هەم. لە نێوان بوون و نەبوونا خۆم گرتووە و منم زات ناکا خۆی بهاوێتە هیچیان. من مرۆڤێکی ترساو لە بوون و نەبوونم. ترساو لە مان و نەمان. ئەترسم لەوەی ببم و ئەترسم لەوەی نەبم. من ترساوم لە بوونی خۆم لەوەی کە هەم ترساوم لە خۆم لەوەی کە نیم. من ئەترسم کەسێک ببێت، کەسێک نەبێت؛ کە بوون و نەبوون هەمووی ترسە.

...

من نیمە دیوارێک پێشکەشی سەرگەردانیم بکەم؛ نیمە دڵتەنگیم لە پەنجەرەیەک دانێم؛ نیمە مردنێک تێرم کا لە نەبوون.

بەخێر بێی پاییزی مردن، ئەو پاییزەی هەمیشە پڕی لە نەبوونی کەسەکان. بەخێر بێی مەرگی من، کە تابلۆی نەکێشراوی ئەفسوونتم. منی خیابان، منی پڕ لە جێ پێی نەمانەوەتان، منی سەفەر، کە هەمیشە جودا دەمێنمەوە لە ترافیک و زیرەزیرِی ماشینەکانتان، منی تەنەکەی شەق تێهەڵدراوی بەرپێتان...

بێکۆتا ماوەتەوە مردنی من؛ مردنی من بێکۆتا دەژی. مرنم زاق زاق تێم دەڕوانێ و بێکۆتاش چاو لە بوونی خۆی دەکات؛ بوونی خۆی لە قاچما کە دەڕوات، لە دەستما کە دەنووسێت.

من سەریاسی جەنگەکانی خۆمم؛ سەریاسی دۆڕاندن؛ من جەنگاوەری دۆڕاندنم. جەنگاوەری بێپارەیی باوکم و خولیا خنکاوەکانی شار. من نیمە چاوێک درۆ لەگەڵ تاریکی بکات؛ کە دڵتەنگی ڕۆشناییم. سەفەرێکم دڵتەنگی گەڕانەوە و

مەرگێکم نێوانە بۆ سەرەتا، بۆ پێش سک بەرزبوونەوەی دایکم و مەرگێکم مەودایە بگەمەوە نەبوونی خۆم. کە پاییزی من، هەمیشە دەمبەیتەوە جێهێشتن و من ناتوانم سپاسی وەرزێکی تر بکەم، کە ساڵگارەکان ترسێنەرن پاییزی من ترسێنەرن...

...

ماچ... قەد عادەتی نەبوو شتەکان ماچ بکات. بەڵام ئەوە ماوەیەک بوو خووی گرتبوو بە ماچ کردنی کەسەکان و شتەکان. لە ڕۆژانی جەژن و بۆنەکانیشدا زیاتر هەر لەبەر ئەوەی تووشی ماچ کردن و دەموچاو لستنەوە نەبێت، خۆی دەشاردەوە. بەڵام ئێستا خواخوای بوو کەسێک ماچی بکات؛ ئەگەرچی ئەوە دەبووە هۆی ئەوەی زۆرتر بێتاقەت بێت و شتێک لە ناوەوە دەیسووتاند!

ئەم هەستەی لە لای کەس نەدرکاندبوو، نە نزیکترین هاوڕێکانی و نە لە لای خۆیشی. باسی نەکردووە. کاتێ ئەمانەی دەوت گێج و حۆل لەسەر لێواری پیادەڕەوەکە دانیشتبوو و هەوای پاییزی ئەمشەویش دڵتەنگی کردبوو. ئاخر نەشیدەزانی باسی چی بکا و چۆن بڵێ؟ بڵێ کە ماچ چییە. ئەوەی دوو لێو لەسەر یەک بنیشن یان لێوێک بە گۆنایەک بخشێنی. چ شتێکە کە ئاوا بێقەراری کردووە. ئێستا ماچی دەبەخشییە باران و هاوڕێکانی و برا بچکۆلانەکەی. تەنانەت وای لێ هاتبوو لە خۆڕا دەمی بە دیواری ژوورەکەی خۆیەوە دەنا. مرۆڤ کاتێ کەسێک یان شتێکی نامێنێت، ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ ئەو شتەی بووە هەوڵ دەدات بەسەر

کەل و پەلەکانی تردا بڵاوی بکاتەوە و بەو شێوەیە بەش بەش دەبێ و هەوڵ دەدات پێش بە لەناوچوونی ئەو خۆشەویستییە بگرێت.

دوایین ماچی بیر نەدەهات؛ دوایین جار کە ئەو کچە ماچی کردبوو. پیشی دەخواردەوە کە بریا ئەو کاتەی بۆ دوایین جار ماچی کردبوو ڕۆژ و کات و شوێنەکەشی لە پەڕە کاغەزێک دەنووسی. بەڵام خۆ ئەم نەیدەزانی ڕۆژێک وەها دەکەوێتە قاقڕستانەوە کە پەنا بباتە پەڕە کاغەزێک؛ لەوێدا بە شوێن گۆڕی ماچەکانیا بگەڕێ. ئێستا کە دوایین ماچی بیر نەدەهاتەوە وەک ئەوە بوو کەسێکی لێ مردبێ و نەزانێ تەنانەت لە کوێ نێژراوە و گۆڕەکەی لە کوێیە.

## بۆ تەنیاییەکانم لەگەڵ تۆدا (١)

لە کچێنییەکانتا غەریبی ئەکەم. تەنیاترم لەوەی جێت بێتەوە. مەملاوێنە کچێ! ئەوەندە نیشتمانم ئەملاولا پێکردووە، بە هیچ لایەکا بۆم ناکرێتە خەو. بە گیانی باران، ناوێرم بتسپێرمە نیشتمانیش!

هەموو شتێک ئاڵایەکی هەیە. ئاڵای تۆ، کچێنیتە و ئاڵای باران، چەترە و ئاڵای نیشتمان، شەهیدەکانیە و ئاڵای من چییە کچێ؟! من بە دووریت خۆم دائەپۆشم. بە دووریت خۆم ئەشۆم. بە دووریت... مەملاوێنە کچێ! ساڵانێکە خۆم داوەتە بەر گوللە بۆ نیشتمانێ کە تۆی لێسەندم. تەمەنم بووە بە پەیژە بە کۆڵانێکا کە کوڕیەتییەکانمی پێ وەیلانە و جێگەی کچێنیت نابێتەوە. بمبوورە، ئەگەر، نەمتوانی ئەم شەقامە بەرەو تەنیاییت بکێشم، ئەگەر نەمتوانی پیاسەکانت بکەمە سرووودی ڕۆژنامەکان. ئێمە تەنیا فێرین بە دووپاتکردنەوەی خۆمان. تەنیا فێرین لەمدیوی شووشەوە چاو لە بارینی بەفر بکەین. بڕوابکە ئەم تەنیایە کە لەم نامەیەدا هاتووە، لەگەڵ تەنیاکانی تردا مردنێکیان نێوانە. من نامەوێ نیشتمان بەم مەرگانەوە لەدایک بێتەوە. ڕۆژێک دێت، بە بەرۆکی ئەم نیشتمانەدا

هەڵئەزنیت و هەموو نۆستالۆژییەکان تف ئەکەیتەوە ناو چاوی. بمبوورە کچێ! تکایە ئەم غەریبییەم توورە مەکە! غەریبییەکانی من، درێژترن لە تاڵە قژەکانی تۆ. بڕوا بکە هەوام کردووەتە حوببێک و نازانم چۆن هەڵی لووشم. هیوادارم تێبگەی کە ئەم سەفەرانە، هەنگاوێکیان بۆ نەهێشتوومەتەوە. یان قاچەکانم ئالآیەکن، هەمیشە لە دووریتا دەشەکێنەوە. تێبگەی کە گوناحی نییە درەخت، کە لە پاییزا زەردە؛ وەک چۆن گوناحی نییە مەودا، کە ئێمەی پێ تەنیایە.

### بۆ تەنیاییەکانم لەگەڵ تۆدا (٢٢)

تەمەنم دەنگی دێ و، بۆنی گۆرانییەک ئەدەم وەختێ نابیسی. دووریت باش! من برێجار لەتێ لە خۆم ئەخەمە دەمم  و تامی مردن ئەدەم.

لە چیای گوڵم؟! من بێتاقەتی خۆمم. وەک چۆن تۆ بێتاقەتی من نیت! هەمیشە لە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا خۆم ئەبینم و هەرگیز ڕازی نابێ لەگەڵما بێتەوە؛ خۆم بەم دیوارانەوە خۆی ناگرێ؛ وەک چۆن تۆ بە منەوە.

بڕوا بکە هەردووکمانم لێ تێک چووە؛ وەک چۆن دایکێک منداڵەکانی لێ تێک بچێت.

مردنم ئەمکێشێ بە دوای خۆیا و تۆش،  زیندووبوونت لێ شاردوومەتەوە. لە چیای گوڵم؟! من بەردەوامم لەوەی بڕژێی بەسەرما، وەکوو باران، وەکوو دیوار، وەکوو بیرەوەری، وەکوو خۆم کە پڕم لە مردن. ئەم شارە پڕە لە من و تۆ لێرە نیت. دە بڕژێ بەسەرما و زریبارم کە.

...

کاتێ من باسی جادەت بۆ ئەکەم، تۆ بیر لە سەفەر ئەکەیتەوە. کە باسی شووشەت بۆ ئەکەم، بیر لە شکان ئەکەیتەوە. کە باسی تەنیاییت بۆ ئەکەم، بیر لە... تێناگەی، تێناگەی کە هەوای ئەم چەند خولەکەم، وەک مووچە وەرگرتووە! تێناگەی کە سەفەر دەنگمی چرچ کردووە. ئەم پەنجەرەیە جێگەی ئەو هەمووەماڵئاواییە ناکاتەوە. بڕوا بکە تەمەنم درزی تێ کەوتووە و هاکا شاعیریم ڕژایە ماسییەک، کە بەردەوام لە سەرابا گەورە بوو. یان لە تەنیاییم ئاوێنەیەک هەڵگۆزم، دووریتی تیا قەتیسە. بۆ دووپاتبوونەوەی تۆ داگیرسانی جگەرەیەکم بەسە. نا، ئیتر مەڵێ جگەرە خراپە. ئیتر مەڵێ بەرگەی ئەم دووکەڵە ناگری. تەنیاییش مەزاخی هەیە هاوڕێ! ئەوەندە خۆمم مەزاخ کردووە کە ڕۆژگاریش نامناسێتەوە. هاوڕێ، پێم ئەڵێن: ئێوارە بەسە بۆ ئەوەی تاوانەکانت بسپێرینە شەو. نازانن کە ئێمە ئێوارانێک پیاسەمان بە نەبرژاوی خواردووە. نازانن کە ئێمە ئێوارانێک بە دەمار ئەم شارەدا دەروێشێکمان بۆ زریبار قەرز کردووە. دەلێم گەڕێ، با ئەم هاوارانە بکوتم بە گڵۆپی ئەم شەقامەدا کە تەنها تاریکی بڵاو ئەکاتەوە؛ کە وەیلانیم ڕژاوەتە نیشتمان.

هاوڕێ پێناسەیەکی ترم بەرێ بۆ نیشتمان؛ پێناسەیەک کە نیشتمان تیایدا نەفرۆشرێت. پێناسەیەکی ترم بەرێ بۆ کچ...

پێناسەیەکی تر

بۆ جادە...

بۆ شووشە...

بۆ تەنیایی...

## بۆ تۆ کە لە تەنیاییما جمەت دێ:

کات درەنگە و من پڕم لە تۆ. لە هەوای مردنی خۆم. ئەزانم پڕم لەو ساتانەی نەژیاوم؛ فێری مەلەم بکە لە خۆتا، فێری کردنەوەی پەنجەرەت و فێری بارینم بکە. کات درەنگە و من تۆم سەرەتایە. من تۆم پیاسەیەکە تامەزرۆ، تا تەواوبوونی شەو. خۆم بڕوام بە دڵتەنگی هێناوە و بێکۆتا بە سێبەرتا پژاوم. وەک پژانی زریبار. بە ڕوانینتا کپم وەک درگا.

مەترسە گوڵم... ئەزانم ئەم تەمەنە کورتترە لەوەی ئیمان بە فڕینەکانی لەشی بێنیت. ئەزانم دوودڵی لە تەنگیی ئەم تەمەنە و لەو ساتانەی لە منا کاتژمێرن. بمژمێرە... بمژێرە و تەواو. تەواوی ئەم خیابانە لە منا مردووە و تەواوی ئەم زریبارە لە منا ئەوەڕێ! کات درەنگە و پڕم...

...

من پەشیمانم لەوەی پەنجەرەیەک بە نیشتمانەوە لێبدەم، هەتا کەسێک بێت و دڵتەنگییەکانی لەوێوە بتەکێنێ. تەپوتۆزی، دەموچاوی مناڵیەتیم چڵکن بکاتەوە. خاوێن ئەڕوانمە کچێک کە بارانی پێ ڕەوا نەئەبینیم. گوڵێ، من دەس بە دووریتەوە ئەگرم. بمبوورە لەبەر ئەو ماچەی لە تۆم گرتەوە و بەخشیمە نیشتمان. تەمەنێکە ماتڵم سەفەرێک بگاتە بەرەوە و من نەختێ لە چاوەڕوانیم بکەم بە دەمیەوە. کەس نەهات گوڵێ؛ کەسێک ئەم جادەیە بۆ نەدۆزرایەوە. دۆۆزە، دۆۆزە نیشتمانێکم بۆ هەڵگۆزە شەهیدەکانی بناسێتەوە؛ نیشتمانێک بەش نەکرابێت و چاوەڕوانیم تیایدا ئۆقرە بگرێ.

من چیمە لەوەی تۆ تەمەنت ئەخواتە کوڕیەتییەکانم یان ناخوات! من چیمە لەوەی ئەم جادەیە بۆ هاتنەوەی نیشتمان تەسکە یان بەرین؟! من چیمە لەوەی چۆلەکەکانی بەرماڵمان ئەجریوێنن یان نە؟! گوڵێ لەم قەرەباڵغییە خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە. شار پڕ بووە لەو کچانەی بە نیگایش لە کچبوون ئەترسن. من کوڕم و کوڕیەتیم پێ ناکرێ. ناتوانم تاکسییەک بگرمە کچێنییەکانت. ڕەنگە نیشتمانیش کچ بێ گوڵێ. چونکە

هەرگیز بە خۆشەویستەکانی ناگات. پەشیمانم! لە هەموو ئەو دارستانەی چاندم و بەتەما بووم ڕۆژێک لە بنیا بحەسێمەوە؛ بەڵام ئێستا ئەبێ خۆمی تیا بشارمەوە. من هەڕام کردووە لە تەمەنم و فریای سڕینی چاوەکانی تۆیش نەکەوتم. تەنیام، تەنیام، ئەو کاتەی دەست بەرز ئەکەمەوە و بۆ دەستی نیشتمان ئەگەڕێم و بۆم نادۆزرێتەوە. تەنیام ئەو کاتەی دەست ئەدەمە بەر دەمانچەیەک و ئەڵێم: تکایە! ئەو کۆترە مەپێکە. تکایە کەسێک بێت و هەنسکەکانی ژیان بنووسێتەوە؛ هەناسەبڕکێکانی درەخت بۆ باران بگێڕێتەوە. ژیان تەنیاترە لەوەی بتوانێ کەوشەکانی هەڵپێکێ؛ سەرقاڵترە لەوەی پەنجەرەیەک پێوەبدا و بەر بە هاتنی سەرما بگرێ بۆ ناو ژوورەکانی تەنیایی. من پەشیمانم لەوەی ڕۆژنامەکان لە باوەش بگرم و هەواڵەکان بلاوێنمەوە. پەشیمانم لەوەی... گوڵێ...

...

زەردییەکانم بۆ نیشتیمان و وەرینەکانیشم بۆ خۆم. خۆرەکانت بۆ من و ئاوابوونەکانیشت.

ئەی نیشتیمانی پاییزیم، هەموو ڕۆژهەڵات و ئاوابوونەکانت، لە منا درەختن، لە منا شەپۆلن، لە منا جریوەن و ئەی نیشتیمانی پاییزیم، کە وەختە لە لوولەی تفەنگێکا بپێکرێی، کە وەختە لە جیاوازیی ڕەنگەکانا ون بیت؛ من لە هەموو وەرزێکتا هەر درەختم و لە هەموو ئاسمانێکتا، فڕینم و من، هەموو گۆڕەکانت مردم. تۆ، لە ترسەکانی دایکما من بژمێرە و لە ئێوارانی پیاسەیەکا قاچەکانم بگرەوە؛ پیاسەیەک، وەک هیواکانی باوکم و وەک ئەو شەهیدانەی لە تۆدا ڕوویان دا و بڕیارە سبەی ببنە کورسی؛ بڕیارە سبەی بە لاسەرووی کۆڵانێکەوە داکوترێن؛ تاکوو ئێمە بپرسین: ببوورن ئەم کۆڵانە ناوی چییە؟

ئەی نیشتمانی پاییزیم، من ئەمەوێ لە تۆدا ڕۆژژمێرێک بم، تەنیاییەکانت بنووسمەوە. من ئەمەوێ لە تۆدا دەرگایەک بم، هەموو منداڵێک حەز بکات بمکاتەوە. بۆیە ئێستاش لە ناو ئەم

زەمەنەدا، ڕۆژئاوایەکم لەبەردایە، کە دڵنیام خۆرەتاوێک لە گەرروویدا وەچەی خستووە.

...

زیندانێک لە ناخما، ئەڵێ بمرم. من ئیتر بێزارم لە ڕاهاتن بەم دیوارانە. من ئیتر ترساوم لە قەناعەتی دەرگاکان! تەمەنێک ئەیەوێ لە منا پەنجەرە بێ و تۆش لە منا ئەوەندە بقیرێنە، مردن بێنەرە قسە. نا، لە قسەکانم خراپ تێ مەگە! تۆ پێم بڵێ، مردن جگە لەوەیە نەتوانم سەفەرت ببینم یا من، دوایین چۆڕی هەنگاوێ لە خۆما بنێمە چاڵ؟ جگە لەوەیە گوێ لە گریانی خۆم بگرم؟ جگە لەوەیە ئەم کۆڵانە حیزە بونبەسم کا و نیشتمان لە تفەنگێکا بمپێکێ؟

نیشتمان دەمێکە لە منا زیندانە و من ئەم ئاسمانە پێوەئەدەم و ئیمانم بەو کۆترانەوە بەجێما. من بڕوام بەو باڵانە نییە کە لە سێبەریانا شەهید بووم و چۆن پێت بڵێم هیچکام لە قسەکانی باوکم نەیانتوانی من بن؛ نەیانتوانی لە تەنیاییم زیاتر، دزە بکەن. هیچکام لە نیگاکانی دایکم نەیانتوانی نەختێک لە زیندانی ناخما بڕوانن. چۆن پێت بڵێم من خووم بە ونبوونی خۆم گرتووە لەم قەرەباڵغییەدا. من خووم بە مردنی دەروون و کوژرانی هەناسە گرتووە. بێ ئەوەی بارانم ناسیبێ، چەترم هەڵکردووە! بێ ئەوەی درگام دیبێ، تەقەم لێ داوە! تەنانەت

من دەیانجار پەنجەرەکانم شکاندووە بێ ئەوەی تەنها ساتێک لێم ڕوانیبێتن!

ئاخر چۆن ئەبێ لە ناو ئەم هەمووە ئاوێنەیەدا، نەوێری ڕوخسارت ببینی؟! لە ناو ئەم هەموو منارەیەدا نەتوانی بۆگەنی بێدەنگیت ببیسی؟! نا، من ئیتر ناتوانم... ناتوانم لەمە زیاتر پەنجە بم و مەرگەکانی خۆم بژمێرم. ناتوانم تەناف بم و دەستەکانی خۆم ببەستم. زیندانێک لە ناخما، ئەڵێ بمرم.

...

ئێوارەکانت بەدەمارما دێن و دەڕۆن. ئێوەارەکانت چۆڵم ئەکەن لە خۆم و، من بێئاگام لە زیرِە زیرِی ماشینەکان و قیژە قیژی منالآنی گەڕەک و، ئەوەی لە منا پیاسە ئەکا خرمە خرمی ئەم بەفرە ناوادەیەیە باوان! بەفرێک، پڕە لە دووپاتبوونەوەی خۆم؛ پڕە لە مردنی دیسانەوەی هەموو دنیا و، بێدەنگییەک، کە تەنها لە سام ئەچێت. من لەم هەمووە سپیەتییە ترساوم باوان، وەک سپیەتییەکانی سەری باوکم.

زەوی پیرە و ئێمە تازە شەوقی مردن نامانگرێ. زەوی خڕە و ئێمە لێرە، بەرگەی تلبوونەوە ناگرین. ئێمە لێرە، بەرگەی هیچ پەنجەرەیەک و هیچ شکانی تر... .من ئەمەوێ سپی ببمەوە باوان. سپی بم و لەم بەفرەدا ون بم. سپی بم و ناوادە بێم؛ وەک ناوادە هاتنی مانگ و، خۆر و، وەک ناوادە هاتنی هیچکام لە نەهاتەکان. من ئەمەوێ خڕ بم و لە تۆپێکا، منالێک شووتم کا؛ یان ئەوەندە لە منا بخولێیتەوە تا نەگەیتە سەرەنجام. تا وەڕەس بی، لە خولاندنەوەی مانگ و زەوی و خۆر و هەرچی بە چاومان خڕە. من دژکردەوەی خۆمم باوان! من مەحاڵم؛ مەحاڵی هەرجۆرە تێگەیشتنێک.

وەک چۆن زەوی لە شتێکا ڕووی دا، من هیچ نەبوو تیایا ڕوو بدەم. ئەمەوێ هیچ بم باوان! ئەمەوێ نەختێک بەفر بم و، بۆ چەن ساتێک تۆپەڵە بم و، خلیسکانێ و بووکە بەفرینە و... بەڵام هەر ئەتوێمەوە باوان. من لە تواندنەوەی بەفرەکان ئەترسم؛ لەو سەرمایە ئەترسم، کە لە نەبوونی تۆ ئەچێ و هەموو گیانمی داگرتووە. لەو پیاسەیە ئەترسم کە فێری تەنیاییم ئەکات؛ لەو چەترانەی کە بەر لە هەموو بارینێک هەڵئەکرێن و کەچی ناشتوانن بە قەناعەتی ئەودیوی شووشەکان ڕازی بن.

## به بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایک بوونم(٦/٢١/...)

تەمەن شتێکی نگریسە هاوڕێم؛ بۆ من کە ڕۆژی چەن جار دەمرم و زیندوو دەبمەوە؛ بۆ من کە لە چرکەساتەکاندا بەردەوام لەدایک دەبم و بەدەستی خۆم، منی دەروونم ئەکوژم. تەمەن ئەتوانێ قۆڕترین پەردەیەک بێت کە بەم پەنجەرەیەدا هەڵواسراوە.

هاوڕێم، ئەمە نامەیەکە بۆ ئەو ژمارانەی ئەیانەوێ داگیرم کەن؛ بۆ ئەو سجیلەی هەر لە سەرەتاشەوە زەروورەتێک نەبوو. من هەمیشە لە ژمارەکان یاس بووم هاوڕێ؛ لە زەرب و تەقسیمی ئینسانەکان، لە کەم کردنەوەیان، زیاو کردنیان. من ناتوانم لە ژمارەدا بژیم، لە ژمارەدا نان بخۆم، فام بکەم، لە ژمارەدا خۆشەویستی بکەم و لە ژمارەشدا بمرم. تەمەن دەمامکێکە بۆ هەڵخڵەتاندن یان دڵ خۆش کردن؛ وەک تەمەنی کارەکتەریی تۆ و تەمەنی فڵانە حیزب و فڵانە یاسا و دەسەڵات.

من و تۆی تەمەن بیست و ئەوەندە ساڵ، کوا توانیمان بەقەد ئالانی سێ ساڵە بژین، کوا توانیمان بەقەد ئەو بخنکێین؛ ئێمە کە هەزار جاریش بمرین ناتوانین وەک ئەو مردبێتین. یان ئەملاترەکەی! بۆ من ناتوانم زرێبار لە تەنیاییما بژمێرم؟! بۆ

ناتوانم نەبوونی کەسێک لە خۆما حەساب کەم و بۆ ناتوانم بزانم ئەم میترژمێرە تا کوێی نەفامیم ڕۆیشتووە؟!

بۆیە یاسم لە ژمارەکان هاوڕێ! بۆیە بێزارم لەوەی کەسێک حەسێبم کا و بیەوێ لە ژمارەیەکی حیزەڵەدا بمگونجێنێ.

...

عادەتی مرۆڤە کە لە شوێنێک دەڕوات ئاسەوارێک لە خۆی بەجێ بێڵێت. ڕەنگە وێنەیەک، ڕەنگە دەنگێک، ڕەنگە هەڵکۆڵینی دیوار یان هەر شتێکی ئەو شوێنەی لێی بوون. کەسەکان کە جێم دەهێڵن برینێک لە خۆیان بەسەر جەستەمەوە جێدەهێڵن. جیا لە برینی ڕۆح و دەروونم. برینێک کە دەبێ نەخش بکرێ و بەڕووونی لە پێش چاوم بێت. نەک بۆ ئەوەی کە بەو شێوەیە بمەوێ پێش بە لەبیر بردنەوەی زامی دەروونم بگرم. نە لەبەر ئەوە نییە. بەڵکوو برینەکان سوکناییم پێ دەدەن. برینەکان جۆرێک مەحاکەمە کردنی خۆمن، جۆرێک تەمێ کردن، جۆرێک کوشتن، جۆرێک لە لۆمە کردن، من بەو برینانەوە زیاتر خۆمم خۆش دەوێت. بەو برینانەوە ڕێز لە خۆم دەگرم و بە منی دەروونمەوە ئەنازم. منی دەروونم دەگەشێتەوە، پڕتین ئەبێت لە بوونی خۆی و لە کوشتنیشی؛ کە من بەو برینانەوە جوانم بە حەقیقەتی خۆمەوە. من بەو برینانەوە منم. دڵنیام ڕۆژێک لە بری ئەوەی دەست بۆ لاشەی من بکێشن دەست بۆ چڵە گۆشتێک دەکێشن کە سەراپای جێبرینە و کە مرۆڤگەلی ئەم سەردەمە زاتی دیتنی ناکەن. بەڵام گەر هەر برینێک و جێبرینەکەی بە لەشمەوە

بوایە ئێستا ئیتر ئەوە منی نەقاشی کراوی دەستی دایک و باوک و چەن نیگارێکی ساف و لووسکە نەبوو؛ ئەوە چەن کیلۆ گۆشتێک بوو لە ئێوە، ئێوەی جێهێشتن و ئێوەی تەنیاییەکانی من. هەموو جێهێشتنێک  بۆ من مردنێکە و زۆر دەخایەنێت بۆ ئەوەی بتوانم جارێکی تر خۆم بۆ مردنێکی تر تەیار بکەم. لە هەر جێهێشتنێکدا و من دەمرم. من مردنەکانم درێژترن لە ژیانەکانم. مردنەکانم کە دڵتەنگیان ئەبم. مردنەکانم کە حەزم لە درێژبوونەوەیانە. حەزم لە ئەبەدیەتیانە. مردنەکانم کە پڕم ئەکەن لە خۆم. مردنەکانم کە حەقیقەتی منن. کە حسێبی توورێک بۆ ژیان و فشقیاتەکەی ناکەن. مردنەکانم بریا هەمیشە دەبوون.

دڵتەنگی خۆمم کە هەم لە مردنەکانما بوونی هەیە و هەم لە ژیانە حیزەڵەکەی ئەمشارەدا، کەچی بۆم نادۆزرێتەوە و ڕەنگە هەر ئەو نەدۆزینەوەیەش من بم.

...

مردن لە ناو وشەدا چێژبەخشە، مردنێکە لە ناو حەقیقەت و تەنیاییدا.

چێژبەخشە وەک چێژبەخشیی مردنی پیاوێک لە ناوپای ژنێکدا.

باشترین گۆڕ بۆ نووسەرێک نێوان نووسراوەکانی خۆیەتی. باشترین گۆڕستان بۆ خۆشەویتیی دوو دڵدار، یادەوەریی ماچەکانیانە و باشترین گۆڕیش بۆ کۆترێک، مردن لە نێوان گمەکانی خۆیایەتی.

هەموان دەبێ مردنی خۆیان بدۆزنەوە؛ تەنانەت کاتیش دەبێ مردنی خۆی پەیدا بکات.

شوێنەکانیش گیانیان هەیە؛ کورسییەکان، چایخانەکان، یاریگەکان. شوێنەکانیش دەمردن؛ کورسییەکان، چایخانەکان، یاریگەکان. شوێنەکانیش تەمەنیان هەیە و لەوانەیە شەقامێکی

چەن سەد میتری لە مندا یەک مانگە بێ و لە کەسێکی تردا چەند ساڵە و لەوانەشە لە کەسێکی تریشدا خێراتر مردبێت. شەقامێک ئەتوانێت هاوکات لە کەسێکا مردبێ و لە کەسێکی ترا زیندوو؛ وشەیەک، مۆسیقایەکیش.

من نووسەری هەموو پیربوونێکم؛ پیربوونی وشە، دەنگ، تەنیایی و پیربوونی حەسرەت. من پیربوونی خودی پیریم. تەمەنی خۆزگە و من ماڵئاواییم. من ئەو ساتەم کە عەشق ناگاتە سەرەنجام و کات لە بەرپێی خۆی گیر ئەکا و ناچێتە پێش. من ئەو ساتەم کە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا وەستاوە، وەک وەستانی ماشینێک لە بەفردا و هەردووکیان دەژی و دەستی لە هیچیشیان گیر نابێت.

من لە ناو دێڕێکا تل دەۆم و ئەتلێمەوە. وەک تل خواردن و تلاندنەوەی دوو دڵدار، لەسەر قاڵییەکدا.

من لە ناو ئەم کاغەزانەدا نان، ئاو، دڵتەنگی، من لە ناو ئەم کاغەزانەدا هەوا دەخۆم.

...

له دوای ئەو هەموو سەرابەی جێم هێشتوون ، ئێستا کە دەستم بە ئاو گەیشتووە، لە ئاو دەترسم. لە ئاو دەترسم و بڕوام بە وشکێنی هێناوە.

پەیکەری ئازادی لە هیچ کوێ بوونی نییە؛ ئەوەی هەیە زیندانێکە لە ناخی خۆما دامناوە.

کات قاتڵی هەموو شتێکە. قاتڵی خۆشەویستی، ژیان، ئازادی. بکوژێکی بێدەنگ.


مرۆڤ هیچ کات بە نەمریی ناگات. لە کۆتاییدا ئەبێ خۆمان بسپێرینە دەستی مردن، هەر بەو شێوەیەی خۆمان سپاردە دەستی ژیان.

گەورەبوون لە فامی مرۆڤا بوونی نییە. ئەوەی هەیە دابەشکردنی کاتە. هەموان لە سەرەتاییترین پرسیارەکاندا دەمرین؛ هەموان بە منداڵی دەمرین.

ئەی ژیانی من، کە ڕوخساری خۆتم لێ تێک دەدەی، بۆ کوێم دەبەی؟

ئەی ژیانی من کە ناتناسمەوە؛ کە بە مردن شارەزاترم؛ ئەوەندەی مردن گەورەیی پێ بەخشیوم، تۆ هەرگیز!

من مرۆڤی بوون و نەبوونم؛ مرۆڤی شەڕ و ماڵوێرانی


لە پاییزا هەمیشە بەشێک هەیە
ئەبێ هەڵوەرێ
لە دیوارا هەمیشە بەشێک هەیە
ئەبێ ڕاوەستێ
هەمیشە بەشێک هەیە ئەبێ دڵتەنگ بێ